Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.7

# کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر سەقامگیری سیاسی؛ بە نێوەندگری کوالیتی ژیان لای گەنجانی شاری هەولێر

**حسین حسن عثمان / بەشی** کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر. هەرێمی کوردستان،عێراق

**عبدالحمید علی سعید بەرزنجی /** بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر. هەرێمی کوردستان،عێراق

OPEN ACCESS

*Corresponding author

Hussein Hassan Othman

hussein.hanary@su.edu.krd

RECEIVED :30 /01/2025
ACCEPTED :10/03/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2025

وشە سەرەکییەکان
قەیران،
قەیرانی ئابووری،
سەقامگیری سیاسی،
کوالێتی ژیان،
گەنجان

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی پەیوەندی قەیرانی ئابوورییە بە سەقامگیری سیاسی لای گەنجانی شاری هەولێر، هەروەها زانینی ئەوەی کە ئایا کوالیتی ژیان وەک گۆڕاوی نێوەندگر تا چەند کاریگەری لە سەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە هەیە لای بەشدارنی نموونەی توێژینەوەکە کە گەنجانی شاری هەولێرە. توێژینەوەکە بە ئاراستەی چەندایەتی و بە میتۆدی وەسفی بە ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئەنجام دراوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە گەنجانی شاری هەولێرە، کە تەمەنیان لە نێوان (١٨ بۆ ٣٤) ساڵە. توێژەران بۆ ئەم مەبەستە بە ڕێگای نموونە وەرگرتنی هەڕەمەکی چینایەتی (٤٠٠) گەنجی شاری هەولێریان وەرگرتووە بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی وەک (ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی و پیشە). توێژەران بۆ پێوانی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان فۆرمێکی پرسیارنامەیان ئامادە کردبوو کە سێ پێوەری (قەیرانی ئابووری، سەقامگیری سیاسی و کوالێتی ژیان) لەخۆ گرتبوو. دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، بە ڕێگای پرۆگرامی (SPSS &AMOS) شیکردنەوەیان بۆ داتاکان کردبوو. گرنگترین ئەنجامەکان بریتیی بوون لەوەی: ئاستی قەیرانی ئابووری لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە بەرزە. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی بەشدارانی نموونەکە هەست بە سەقامگیرییەکی زۆر کەم دەکەن لەڕووی سیاسییەوە، بەڵام لە ڕەهەندی ململانێ سیاسیدا، ئاستەکە بەرزترە بەرزترە، واتە هەست بە ململانێیەکی سیاسی تارادەیەک بەرز دەکەن، هەروەها کوالیتی ژیان بەشێوەیەکی بەشەکی نێوەندگیری (Partial mediation) دەکات لە نێوان قەیرانی ئابووری و سەقامگیری سیاسیدا. بە زیادبوونی ئاستی چۆنایەتی ژیان، زیادبوون لە ئاستی سەقامگیری سیاسی دروست دەبێت و بە کەمبوونەوەی ئاستی چۆنایەتی ژیان، کەمبوونەوە لە ئاستی سەقامگیری سیاسی ڕوودەدات.

**About the Journal**

Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو، هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێک بارودۆخی جیاواز تێپەڕیوە، بەتایبەتی هەڵکشانی و داکشانی ئابووری و سیاسی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە. دوای ساڵی (2003) و ڕووخانی حکومەتی سەدام حوسێن، سەردەمێک لە گەشەی خێرای ئابووری بەخۆیەوە بینی، کە ئەمەش کاریگەری بەرچاوی لە سەر چۆنیەتی و ئاستی ژیانی خەڵک کردووە، ئەم گەشەسەندنەش بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی (2007 تا 2014) بە هۆی تەرخانکردنی بەشە بودجەیەک لە حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان بوو، کە کاریگەری بەرچاوی لە سەر بووژانەوەی ئابووری و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی خەڵک هەبوو، بەڵام ئەم بووژانەوە بە هۆی زنجیرەیەک قەیرانی ئاڵۆزەوە وەستا وەک؛ ڕاگرتنی پشکی بودجە لە ساڵی (2014)، بە هۆی ناکۆکی سیاسی و ئابووری لە نێوان حکومەتی ناوەندی بەغدا و هەرێمی کوردستان، هاتنی بەلێشاوی پەنابەرانی سووریا و شەڕی داعش و دواتریش پەتای، (COVID-19).ئەم قەیرانانەش نەک تەنها کاریگەرییان لە سەر سەرچاوە ئابوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانابوو، بەڵکو کاریگەری نەرێنی لە سەر چۆنیەتی ژیانی هەرێمەکەش هەبووە و لاوازییەکانی سیستەمی حکومەت هەرێمی ئاشکرا کرد. ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو، کاریگەری بەرچاوی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگا هەبووە، بەتایبەتی گەنجان کە لە قۆناغێکی تەمەنی تایبەتدان لە بواری پیشە، پێکهێنانی ژیانی هاوبەش. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بزانێت چۆن ئاستەنگەکانی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا چۆنیەتی ژیانی گەنجان پێک هێناوە و پەیوەندی بە سەقامگیری سیاسی و کوالیتی ژیانی گەنجان بپێوێت.

### ١. ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

### ١.١ گرفتی توێژینەوەکە:

پرسیاری سەرەکی ئەو توێژینەوە بریتییە لەوەی: ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان گۆڕاوەکانی قەیرانی ئابووری و سەقامگیری سیاسی و کوالیتی ژیان لە نێو گەنجان لە شاری هەولێردا؟ لە ڕێی ئەو پرسیارە سەرەکییەش توێژەر هەوڵ دەدات وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری لاوەکیش بداتەوە:

أ. ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان گۆڕاوەکانی قەیرانی ئابووری سەقامگیری سیاسی لای نموونەی توێژینەوەکە.

ب. ئایە پەیوەندی هەیە لە نێوان گۆڕاوەکانی قەیرانی ئابووری و کوالیتی ژیان لای نموونەی توێژینەوەکە.

ج. پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی قەیرانی ئابووری بە کوالێتی ژیان و سەقامگیری سیاسییەوە بە پێی گۆڕاوەکانی، ( ڕەگەز، جۆری پیشە، باری کۆمەڵایەتی) لای نموونەی توێژینەوەکە.

**١- ٢ گرنگی توێژینەوەکە**: ئەم توێژینەوەیە لە هەر دوو ڕەهەندی تیۆری و پراکتیکییەوە گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بریتین لە:

١. لایەنی تیۆری

أ. دەبێتە هۆی پەرەپێدانی زانیاری لە بواری کۆمەڵناسی بەگشتی و پسپۆریەکانی وەکو؛ کۆمەڵناسی ئابووری، کۆمەڵناسی سیاسی، کۆمەڵناسی گەشەپێدان بەتایبەتی.

ب. لە ڕووی تیۆرییەوە هەوڵ دەدات پەیوەندییەک بدۆزێتەوە لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

٢. لایەنی پراکتیکی:

أ. (دروست کردنی پێوەرScale) ی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، کە توێژەرانی دیکە دەتوانن بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی دیکە بەکاری بێنن.

ب. بەدەست هێنانی زانیاری سەبارەت بە هۆکارەکانی قەیرانی ئابووری، ئاست و جۆری کوالیتی ژیان و سەقامگیری سیاسی.

ج. توێژینەوەکە گرنگی ستراتیژی هەیە بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی گەنجانی شاری هەولێر وکێشە وگرفتەکانی، کە ئەنجام و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە، دەبێتە هۆی بەرچاوڕوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دانانی شێواز وڕێگاکانی چارەسەری گونجاو لەم بوارەدا.

**١- ٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:** ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

أ. زانینی ئاستی گۆڕاوەکانی قەیرانی ئابووری و سەقامگیری سیاسی لای نموونەی توێژینەوەکە.

ب. زانینی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوەکانی قەیرانی ئابووری و سەقامگیری سیاسی لای نموونەی توێژینەوەکە.

ج. زانینی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی قەیرانی ئابووری بە کۆالێتی ژیان و سەقامگیری سیاسییەوە بە پێی گۆڕاوەکانی، ( ڕەگەز، جۆری پیشە، باری کۆمەڵایەتی) لای نموونەی توێژینەوەکە.

## ٢- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ٢- ١ پێناسەی چەمکەکان:

### یەکەم: چەمکی قەیرانی ئابووری Economic Crisis:

قەیرانی ئابووری ئاماژەیە بە دۆخێک کە تێیدا داکشـانی بەرچاو و درێژخایەن لە چالاکی ئابووری ڕوودەدات، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکـاری، داتەپینی بـازاڕی پشـــکەکـان، دابەزینی داهـاتی نەتەوەیی وبەرزبوونەوەی ناسەقامگیری دارایی (Krugman,2012: 1).

ابراهیم عبدالرحيم (2007) قەیرانی ئابووری پێناســـە دەکات وەکو: بریتییە لەو ماوەیەی کە ڕێڕەوەی گەشـــەی ئابووری دەپچڕێت و دەبێتە هۆی نەمان و لەدەستدانی ڕێکخستنی ئابووری، کە کۆمەڵێک شێوە لەخۆ دەگرێت، وەکو هەرەسهێنانی بازاڕی دارایی، زۆربوونی باجەکان و بێکاری (إبراهيم،2007: 111).

مۆرلینۆ ورانیۆلۆ (2017)، پێیان وایە قەیرانی ئابووری و دارایی ئاماژەیە بە:

1. ناسەقامگیری دارایی و دراوی وبازارەکانی تر.
2. دابەزینی تێکڕای بەرهەمهێنانی ناوەخۆ، سەرەڕایی سنووررداری ئەو نیشاندەرە.
3. بەرزبوونەوەی بێکاری و دارمانی وەبەرهێنان وئاڵوگۆڕی بازرگانی.
4. دۆخێکی ئابووری درێژخایەن، کە تێیدا گەشـەی ئابووری زۆر ســـت دەبێت یان گەشـــەی ئابووری بۆ چەند ساڵێک دەوەستێت (Morlino and Raniolo,2017: 7-12).

پێناســـەی کارپایی توێژەر، لەو توێژینەوەیە بۆ قەیرانی ئابووری: قەیرانی ئابووری بریتییە لەو ماوانەی تەنگژەی ئابووری بەرچاویان تێدا ڕوودەدات، دەناسرێنەوە بە داکشانی چالاکی ئابووری و زیادبوونی بێکاری و ناسەقامگیری بازاڕ و گرژی دارایی بەربڵاو، کە کاریگەری لەسـەر سـەکتەرە جیاجیاکان دادەنێت لە نێویشـیاندا بازرگانی، خێزان و دامەزراوە داراییەکان.

### دووەم: چەمکی سەقامگیری سیاسی (political stability):

سـەقامگیری سـیاسـی دەتوانرێت پێناسـە بکرێت، بەو دۆخەی کە تێیدا حکومەت یان سـیسـتەمی سـیاسـی دەتوانێت بەردەوام بێت لە حوکمڕانییەکەی بۆ ئەو ماوەیەی بۆی دیاری کراوە، بەبێ ڕووبەڕووبونەوەی پچڕان یان قەیرانی بەرچاو. خەسڵەتەکانی سەقامگیری سیاسی بریتیین لە نەبوونی توندوتیژی سیاسی بەرچاو، نەبوونی هەوڵی کۆدێتا یان گۆڕانکاری ڕیشـەیی لە پێکهاتەی حکومەت (Alesina and others,1996: 195)، هەروەها سـەقامگیری تەنها بریتیی نییە لە نەبوونی ململانێ، بەڵکو هەریەک لە کارایی دامودەزگاکان وســـەروەری یاســـا و ڕەوایەتی حکومڕانی لەخۆی دەگرێت (Lipset,1959: 70).

فێرۆن (2006) پێی وایە، ســـەقامگیری ســـیاســـی بریتییە لە توانای حکومەت لە مانەوە لە دەســـەڵات ســـەرباری پاراستنی شەرعییەتەکەی و پاڵپشتی هاوڵاتیەکانی و ڕوونەدانی تێکچوونی بەرچاو لە نیزامی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی" ( Fearon,2006: 2).

پێناسـە کارپایی توێژەر، لەو توێژینەوەیە: سـەقامگیری سـیاسـی توانای سـیسـتەمی سـیاسـییە لە بەرقەرارکردنی چوارچێوەیەکی حوکمڕانی بەردەوام و یەکانگیر، کە خەســـڵەتەکانی بریتیین لە ڕەوایەتی و ســـەروەری یاســـا و بەڕێوەبردنی پشـــێوییەکان بە شـــێوەیەکی کاریگەر. ســـەرەڕای ســـنووردارکردنی ململانێ و ناڕەزاییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەسەر دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بەڕێوەبردنی گۆڕانکارییەکان بەکارامەیی و دەستەبەرکردنی ئازادی و بەشداری سیاسی.

### سێیەم: چەمکی کوالیتی ژیان (Quality of Life):

کوالیتی ژیان چەمکێکی تاڕادەیەک نوێیە وبە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری زۆری بەســـەردا هاتووە. پێناســـەیەکی

یەکانگیر وجیهانی نییە. کوالیتی ژیان خاســـیەتی مرۆیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەندروســـتی لەخۆ دەگرێت (Government of Canada, 2001).

لاند ودرێنەر (2012) کوالیتی ژیان بەو شـــێوەیە پێناســـە دەکەن: "کوالیتی ژیان ئاماژەیە بە ئەندازەی خوازراوی و نەخوازراوی ژیانی تاکەکە، زێدەتریش جەخت لە پێکهاتە دەرەکییەکانی دەکرێتەوە، وەکو فاکتەرە ژینگەییەکان و داهات، بەپێچەوانەی ژیان-دروستی خودی (Subjective wellbeing)[1] ، کە دەوەستێتە سەر ئەزمونی کەسی. کوالیتی ژیان زۆرتر بابەتییانە گوزارشـــتی لێ کراوە و پتر وەســـفی بارودۆخی ژیانی کەســـەکە دەکات، نەک کاردانەوەی کەســـەکان بەرانبەر بەو بارودۆخانە. ســـەرەڕای ئەوەش هەندێک لە زانایان کوالیتی ژیان بە شـــێوەیەکی بەرفراوانتر پێناسـەدەکەن، تا دید وبیر و هەست و کاردانەوەکانی کەسەکەش بەرانبەر بە بارودۆخەکان لەخۆ بگرێت (Land and Sirgy,2012: 401-402).

ڕێکخراوی (WHO) لە ســـاڵی (2012) پێناســـەی ئەم چەمکەی بەم شـــێوەیە کردووە، کە کوالیتی ژیان بریتییە لە چۆنیەتی تێگەیشـتنی تاک لە بارودۆخی خۆی لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە کولتووری و سـیسـتە بەهاییەی کە تێدا دەژیت لە پەیوەندی بە ئامانجەکان، چاوەڕوانییەکان، پێداویســـتییەکان، پێوەر و ئەولەوییەتەکان ( Anwar and Zebari,2023: 36).

پێناســـەســـی کارپرایی توێژەر، لەم توێژینەوەیە، بۆ کوالیتی ژیان: کوایتی ژیان بریتییە لە کارلێکی ئاڵۆزی نێوان کۆمەڵێک فاکتەری خودی و بابەتی: فاکتەری بابەتی ئاماژەیە بە دۆخی دەرەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی-ســیاســی و ژینگەیی و کولتووری، کەچی فاکتەری کەســـی ئـامـاژیە بە تێڕوانینی تـاک بۆ ژیـانی خۆی و ئەو ڕەزامەنـدیەی پێیگەیشتووە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی.

### چوارەم: چەمکی گەنج (Youth):

چەمکی منداڵ یان نەوجەوان یان گەنج وەکو قۆناغێکی جیای ژیان یان وەکو پۆلێنێکی کۆمەڵایەتی، کە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت داهێنانێکی بەشێوەیەکی ڕێژەیی نوێیە(Zelizer,1994: 269). جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی منداڵ و نەوجەوان و گەنج نزیکەی دوو ســـەدە دەبێت بە شـــێوەیەکی پلەبەندی دەرکەوتووە، بەتایبەتیش دوای دەرکەوتنی لێکەوتەکانی کارپێکردنی بەرفراوانی منداڵان لە کارگەکانی بەریتانیا لە ســـەدەی نوزدە. ئەرەســـتۆکراســـەکانی لێ دەرکەوین، نەوەکانی پێشوتر و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی پێشوو منداڵیان وەکو سەرچاوەی دەستی کاری هەرزان دەبینی (Cunningham,2009: 320) . لە 1821 نزیکەی نیوەی دەستی کار لە بەریتانیا تەمەنیان لە خوار 20 ساڵی بوو (The National Archives, Child Labour, 2022).

پێناســـەی ڕێکخراوی نەتەوەیەگرتووەکان ســـەبارەت بە گەنج ئەوەیە، کە گەنج ئەو کەســـەیە تەمەنی لە نێوان15-24 ســـاڵیدایە. لە کاتێکدا ئەنجومەنی ئاسـایشـی گەنجان دەڵێت: گەنج ئەو گروپە تەمەنیە، کە تەمەنیان لە نێوان (18-29) ساڵیدایە (Mahmood, and Anwar,2024: 60).

پێناسەی کارپرایی توێژەر، لەو توێژینەوەیە، بۆ گەنج بریتییە لەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان 18 بۆ34 ساڵە، ئەو قۆناغەی ژیان بە چەند پرۆســـەیەکی گواســـتنەوەی گرنگ دەناســـرێتەوە، کە کاریگەرییان لەســـەر کەســـایەتی و ناســـنامەی کەســـەکە هەیە. گواســـتنەوەکان بریتین لە: لە خوێندنەوە بۆ ســـەرکار، لە ژیانی زگورتیەوە بۆ ژیانی هاوســـەرگیری، لە پشـــتبەســـتن بە دایک و باوکەوە بۆ پشـــتبەخۆ بەســـتن، هەروەها دەناســـرێتەوە بە چاوەڕوانی و بەرپرسیارێتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

## ٢-٢ ڕوانگە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە:

### یەکەم: تیۆری پێویستییەکانی ئەبراهام ماسلۆ (1908- 1970)

دەروونـاسی ئەمریکی ئەبراهام ماسلۆ لە کتێبی **بەرەو سایکۆلۆژیای بوون** - 1962، دەستنیشانی ڕواڵەتەکانی ژیانی

[1] . "ژیان-دروستی" لە بەرامبەر ووشەی Wellbeing ی ئینگلیزی بەکار هاتووە کە لە ئەدەبیاتی تایبەت بە کوالیتی ژیان زۆر بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی لە چەمکەکانی Welfareکە بەرامبەر خۆشگوزەرانیە و Happiness کە بەرامبەر ئاسوودەییە و Health کە بەرامبەر تەندرووستیە.

باش دەکات، کە بە ڕای ئەو بریتیین لە تێرکردنی 5 ئاستی پێویستییە و لە پێداچوونەوەکانی دواتر کردوونی بە 8 ئاستی پێویستیی، وەک لە شێوەی ژمارە 3 خراونەتەڕوو. تێڕوانینی ماسلۆ ئەوەیە، کە ئاسوودەیی و تەندروستی و توانای کارابوون کاتێک دێنەدی، کە تاک بەرپرسیاریێتی بەدیهێنانی پێویستییەکانی خۆی بگریتەئەستۆ. ماسلۆ پێی وایە پێویستییەکانی مرۆڤ بەڕیزبەندی لە شێوەی پەیژەیەک لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەریەکەیان دوای تێربوونی پێویستی خوار خۆی دەردەکەون( Ventegodt and Andersen,2003 :1051).

**پێکهاتەی پەیژەی پێویستییەکانی ماسلۆ:**

لە دامێنی پەیژەکە چوار لە پێویستییە هەرە سەرەکیەکانی مرۆڤ هەن:

1.پێویستییە فیسیۆلۆژیەکان: پێداویستی بایۆلۆژی مرۆڤن، تا بتوانێت بەردەوام بێت لە ژیان وەکو: هەواو، خواردن و خواردنەوە و شوێنی حەوانەوە وجل و سێکس و خەوتن.

2.پێویستی سەلامەتی: خەڵک دەیانەوێت سیستەم و پێشبینی و کۆنترۆڵ لە ژیانیاندا هەبێت. ئەو پێویستییانە دەکرێت لەلایەن خێزان و کۆمەڵگە تێر بکرێن. بۆ نموونە ئاسایشی سۆزداری، و ئاسایشی دارایی (کەوتنەسەرکار، ژیاندروستی کۆمەڵایەتی)

سەلامەتی لە پێکان و ڕووداو (یاسا و نیزام، ئازادی لە ترس، سەقامگیری کۆمەڵایەتی، مولک، تەندروستی).

3.پێویستی خۆشەویستی وئینتیما: ئەم پێداویستییە بریتییە لە ئینتیمای کۆمەڵایەتی کە ئاماژەیە بۆ پێویستی سۆزداری مرۆڤ بۆ پەیوەندی کەسی، ئینتیما و بوون بە بەشێک لە گروپ. بۆ نموونە: هاوڕێیەتی، پەیوەندی سۆزداری، متمانە، یەکتر قەبوولکردن، خۆشەویستی.

4.پێویستی ڕێزلێگرتن یان دانپێدانان: ئەم ئاستە لە دوو جۆر خۆی دەبینێتەوە: یەکەمیان، بڕوابەخۆبوون (کەرامەت، بەدیهێنان(انجاز)، هەستکردن بە باڵادەستی، سەربەخۆیی). دووەمیان، ئارەزووی ناوبانگ و ڕێزلێگرتن لەلایەن ئەوانی ترەوە، وەکو پێگە و پرستیژ. ماسلۆ پێی وایە ڕێزلێگرتن و ناوبانگ یەکجار گرنگە بۆ منداڵان و مێردمنداڵان تەنانەت لە پێش بڕوابەخۆبوون وکەرامەتیش دێت.

لە ناوەڕاستی پەیژەکە دوو پێداویستی پێشکەوتوو هەن: -


1.پێویستییە هزریەکان: پێویستی زانین وتێگەیشتن، گەڕان، پێویستی بوونی واتا وتوانای پێشبینیکردن.

2.پێویستی ئیستاتیکی، پێزانین وگەڕان بۆ جوانی وهاوسەنگی.

لە سەرەوەی پەیژەکە دوو پێویستی ئەبستراکت هەن: -

1.پێویستی خۆڕاساندن، پێگەیاندنی هەموو توانا کەسییەکان، بەدیهێنانی خود، گەڕان بەدوای گەشەی کەسی و گەیشتن بە لوتکەی جێبەجێ کردنیان. ئارەزووی بوون "بە هەموو ئەوشتانی کە مرۆڤ توانای هەیە ببێت"

2.پێویستی باڵابوون، هەندێک بەها مرۆڤ هاندەدەن بۆ سەرووی خود، وەکو ئەزموونی تەسەوف و ئەزموون لەگەڵ سرووشت، خزمەتکردنی ئەوانی تر، گەڕان بەدوای زانست، باوەڕی ئاینی (Maslow,1987: 64 ).




**شێوەی (1)، پەیژەی/ هەرەمی پێویستییەکان بەگوێرەی ماسلۆ** (Ventegodt and Andersen,2003: 1051).

تیۆرەکەی ماسلۆ گرنگی زۆری هەیە لە دەستنیشانکردنی پێویستییە فرە ڕەهەندەکانی مرۆڤ و ڕاڤەکردنی ڕەوشتی مرۆڤ. سوودی لێ بینراوە بۆ دیاریکردنی ڕەهەند و نیشاندەرەکانی کوالیتی ژیان.

بەگوێرەی پەیژەی پێویستییەکانی ماسلۆ، کوالیتی ژیان دەوەستێتە سەر جێبەجێ کردنی پیویستییە پلەبەندەکانن، لە پێداویستییە سەرەتاییە دەروونییەکانەوە تا سەلامەتی و خۆشەویستی و خود تەحقیق کردن و وە لە ترۆپکیشی باڵابوونە. بە شیمانەی ماسلۆ تێرنەکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان، بە تایبەتیش بەهۆی داکشانی ئابووری، ئەوا خۆشگوزەرانی تاک وسەقامگیری کۆمەڵگا دەکەونە بەر مەترسی (Ventegodt and Andersen,2003: 1050-1051).

هەرەمی پێداویستییەکانی ماسلۆ چوارچێوەیەکی گشتگیر دابین دەکات بۆ تێگەیشتن و پێوانەکردنی کوالیتی ژیان، هەردوو ڕەهەندی بابەتی و خودی لەخۆی دەگرێت. پێکهاتەی تیۆرییەکە کە بریتییە لە پێداویستییەکان هاوتەریبە لەگەڵ نیشاندەرە سەرەکییەکانی کوالیتی ژیان. لە ڕووی بابەتییەوە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە چۆن پێداویستییە دابین نەکراوەکان لە ئاستەکانی خوارەوە ڕێگرە لە ڕەزامەندی ئاستی بەرزتر. لە کاتێکدا بەشێوەیەکی بابەتی لایەنە بنچینەییەکانی وەک تەندروستی، داهات و ئاسایش وەک مەرجی پێشوەخت بۆ سەقامگیری کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەی پلەبەندی توند و لاگیری کولتووری وبنەمای ئەزموونی سنووردار ئەو ڕەخنانەن کە لە تیۆرەکە دەگیرێن، بەڵام مۆدێلەکەی ماسلۆ وەک ئامرازێکی بە نرخ دەمێنێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی کوالیتی ژیان لە چوارچێوەیەکی فرە ڕەهەند و پێشینە بۆ داڕشتنی سیاسیەتی کۆمەڵایەتی پێشنیار دەکات بۆ بەرپرسانی سیاسەت داڕێژ بۆ وەبەرهێنان لە تەندروستی، پەروەردە و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ باشترکردنی خۆشگوزەرانی تاک و کۆمەڵ، تا ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرقەرار بێت. (ئەمە قسەی توێژەرە لە میانی ئەوە کە لە سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو)

## دووەم: تیۆری جەیمس دەیڤز

لە وتاری ***بەرەو تیۆری شۆڕش*** لە 1962، کۆمەڵناسی ئەمریکی جەیمس دەیڤز (1929- 2016)، بەپێچەوانەی کارل مارکس و هاوڕا لەگەڵ تۆکۆڤیل[2] پێی وایە، هەژاری و بێبەشبوونی ڕەها ناکرێت ببنە هێزی جوڵێنەر بۆ پشێوی و شۆڕش (Davies,1962: 6)، چونکە لە باری هەژاری ڕەها خەڵک زیاتر لە هەر شتێکی تر بەدوای دابینکردنی پێویستییە سەرەتاییەکانیەتی، بۆیە هێزی جەستەیی و دەروونیان تەنها بۆ مانەوە و بەردەوامبوون لە

[2] ئێلێکسس چارلس دو تۆکۆڤیل فەیلەسوف و زانای ڕامیاری و مێژوونووس و دیبلۆماتی فەڕەنسی(1805 – 1859)

ژیان بەکار دەهێنن. لە بارودۆخی لەو شـێوەیە تاک خۆی دوور دەگرێت لە کۆمەڵگە و هەر چالاکییەک پەیوەندی بە مانەوەی نەبێت. ئەوەش واتە تەسلیمبوون بە قەدەر یان بێهیوا بوون وبێدەنگبوون. کاتێک خەڵک لە بارودۆخی هەرە خراپ گیر بخوات، ئەگەری تێوەگلانیـان لە ئاژاوەگێڕی دوورە. ئەنتۆنی گیدنز پێی وایە، کە هەژاری ڕێژەیی نەک هەژاری ڕەها سـەردەکێشـێت بۆ ناڕەزایی، بەڵام ئەگەر ماوەیەکی ڕێژەیی درێژی خۆشـگوزەرانی هەبێت و چاوەڕوانی لای کەسـەکان دروست بووبێت، کە هەموو پێویسـتییەکان دەتوانرێت بە بەردەوامی دەسـتەبەر بکرێن، متمانە و چاوەڕوانی بۆ بارودۆخی باشـتری ژیان لایان گەڵاڵە بووبێت، ڕوودانی داکشـان و کەمبوونی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەدوای ئەو ماوە درێژە و بەردەوامەی خۆشگوزەرانی، هەستی نادڵنیایی لایان درووست دەبێت. ترسێکی نادیار و تایبەت سەرهەڵدەدات، کە ئەو گەشەیەی ئەو ماوە درێژە بەدەستهاتبوو لەدەست دەچێت، و خەڵک هیچ بژاردەیەکی تری لەپێش نابێت، جگە لە بڕوابوون بەوەی کە هەرگیز جارێکی تر ناتوانن ئەو پێویسـتییانەیان تێر بکەن. لە بارودۆخی لەو شـێوەیە، کەلێنێکی گەورە دروسـت دەبێت لە نێوان ویسـتی خەڵک و ئەوەی لە واقیعدا دەسـتیان دەکەوێت. بێگومان هەموو کات کەلێن لە نێوان چاوەڕوانییەکان و واقیع هەیە، بەڵام بەو بارودۆخەشـدا چاوەڕوانییەکان هەر زیاتر دەبن و داکشـانی لەپڕی ئابووری دەبێتە هۆی دروسـتبوونی کەلێنێکی قبوڵ نەکراو، بۆیە بێزاری و بێئومێدی زۆری خەڵک سەرهەڵدەکێشێ بۆ ڕەوشتی شۆڕشگێڕی و ناڕەزایی بەربڵاو. ئەو کەلێنە لە نێوان چاوەڕوانی خەڵکی و واقیع دەبێتە هۆی ناڕەزامەندی خەڵک و دەکرێت ببێتە هۆی ڕەوشـتی شـۆڕشـگێڕی ( Orbell and Shay,2011: 86).

دەیڤیز پێی وایە، سـەقامگیری و ناسـەقامگیری سـیاسـی بە تەواوەتی وەسـتاوەتە سـەر باری دەروونی و مەزاجی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، ئەوەش بەو واتایەی، کە ئەو کەسـانەی ڕازین یان بێباکن بەرانبەر کاڵا و پێگەی کۆمەڵایەتی و دەسـەڵات ڕەنگە لەڕووی سـیاسـییەوە ناچالاک بن، بەڵام ئەوانەی هەڵوێسـتی پێچەوانەییان هەیە ڕەنگە یاخیی ببن. سـەرەڕای ئەوەش سـیناریۆیەکی تر ئەگەر ڕوودانی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەژارە ناڕازییەکان یاخیب بن و دەوڵەمەندە ڕازیەکان دژایەتی شـۆڕش بکەن. بێزاربوونی عەقڵی دەبێتە هۆی سـەرهەڵدانی شـۆڕش. حاڵەتی عەقڵی شـۆڕشـگێری پێویسـتی بە چاوەڕوانی بەردەوام هەیە، بۆ بەدیهێنانی هەلی زیاتری دەسـتەبەرکردنی پێویسـتییە مادییەکانی وەکو خواردن و جل و شوێنی حەوانەوە و تەندروستی و سەلامەتی لە ژیانی مادی، هەروەها پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو سـۆزداری و خێزانی و دۆسـتایەتی. ئەوەی دەبێتە هۆی وروژاندنی ڕەوشـتی شـۆڕشـگێڕی دۆخی بیرکردنەوەی تاکەکانە، کاتێک هەست بە مەترسـی نەتوانینی دابینکردنی یەکێک یان زیاتر لە پیویسـتییەکانیان دەکەن.

تیۆرەکەی جەیمس دەیڤس سەقامگیری سیاسی ڕاستەوخۆ دەبەستێتەوە بە گەشەی ئابووری و تێرکردنی پێویستییە ماددی و خودییەکان. بە ڕای دەیڤس داکشـان و قەیرانی ئابووری بەهێز و لە ناکاو، کە مەترسـی دروسـت بکات لەسـەر کوالیتی ژیان و تێرکردنی پێویستییەکان، بە پێش مەرجی بوونی گەشـەی ئابووری بۆ ماوەیەکی درێژ بەر لە ڕوودانی قەیرانەکە، دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون و ڕەوشـتی شـۆڕشـگێری. دەیڤس ئاماژە بە چینی دەوڵەمەند دەکات، کە دەکرێت دژ بە شـۆڕش و ڕەوشـتی شـۆڕشـگێری بوەسـتنەوە، ئەگەر لە بەرژەوەندییان نەبێت. هەروەها پێی وایە چینی هەژار بیر لە ڕەوشـتی شـۆڕشـگێڕی و یاخیبوون ناکانەوە، چینی دەوڵەمەند دژی ڕەوشـتی شـۆڕشـگێری و یاخیبوونن دەوەسـتنەوە. ئەگەر بەرژەوەندییان لەگەڵ مانەوەی چینی دەسـەڵاتدار بێت، بەڵام چینی ناوەند کە زۆرترین کاریگەری قەیرانی ئابوورییان لەسـەرە و چاوەڕوانییەکانیان لە ماوەی گەشـەی ئابووری لە هەڵکشـان بووە. داکشـانی ئابووری مەترسـییە لەسـەر فەراهەمکردنی ویسـتەکانیان ئەگەری یاخیبوون و ڕەوشـتی شۆڕشگێریان لێ دەکرێت.

**بە ووردبوونەوە لە تیۆرەکەی دەیڤس دەتوانین بەو گریمانانە بگەین:**

1.قەیرانی ئابووری ئاسـتی کوالیتی ژیان نزم دەکاتەوە بەهۆی لەدەسـتدانی کار و هەڵاوسـان و کەمبوونەوەی خەرجیی گشتییەکان.

2.ئاستی نزمی کوالیتی ژیان ئەگەر هاوکات بێت لە بێبەشبوونی ڕێژەیی، دەبێتە هاندەر بۆ ڕەوشـتی شۆڕشگێری و ناسەقامگیری سیاسی.

3.مۆدێلەکەی دەیڤس جەیمس چوارچێوەیەک دەدا بەدەسـتەوە بۆ تێگەیشـتن لە چۆنیەتی پچڕانی سـەقامگیری

کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهۆی قەیرانی ئابووری، تیشک دەخاتە سەر گرنگی بەڕێوەبردنی چاوەڕوانی خەڵک بۆ ڕێگاگرتن لە دابەزینی گەورە لە کوالیتی ژیانی خەڵک.

دەکرێت تیۆرەکەی ماسلۆ بەکاربێت وک بنەمایەک بۆ دیاریکردنی پێویستی و ڕەهەندەکانی کوالیتی ژیان، کە گەشەی ئابووری پێشمەرجە بۆ هاتنەدی بەشی هەرە زۆریان. لەبەرئەوەی ئاسوودەیی تاک وابەستەی تێرکردنی پێویستییەکانێتی و ئەویش وەستاوەتە سەر دۆخی ئابووری لەبار. هەروەها تیۆرەکانی ماسلۆ و دەیڤز چوارچێوەی تیۆری پێشکەش دەکەن لەبارەی پەیوەندی نێوان قەیرانی ئابووری و کوالیتی ژیان و سەقامگیری سیاسی. پەیژەی پێویستییەکانی ماسلۆ جەخت لەوە دەکاتەوە، کاتێک پێداویستییە سەرەتاییە دەروونی و سەلامەتییەکان نەهاتنەدی، کوالیتی ژیان بەرەو خراپی دەچێت و زەمینەیەکی گونجاو فەراهەم دەکات بۆ پشێوی کۆمەڵایەتی.

سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری توند دوای ماوەیەکی درێژ لە گەشەسەندنی ئابووری و خۆشگوزەرانی ڕێژەیی کوالیتی ژیانی تاکەکانی خراپ دەکات، بەتایبەتیش ئەگەر نەتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانیان تێربکەن. کشەی کۆمەڵایەتی و کەسی زیاتر دەبن و متمانەی خەڵک بە دامەزراوە حکومییەکان کەم دەکاتەوە و بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی کەم دەکاتەوە. لە نەبوونی سیاسەتی کاریگەری بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە، قەیرانی ئابووری ڕەوایەتی سیتەمی سیاسی دەخاتە ژێر پرسیار و ڕەنگە ببێتە هۆی ئاژاوە و پەرتەوازەیی سیاسی و ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی. ناسەقامگیریی سیاسی و لاوازی دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی، لاوازی حکومەت بەرانبەر قەیرانەکانی ئابووری خراپتر دەکات. توانای حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کاریگەری ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لاواز دەکات. ئەم دینامیکە لەوانەیە ببێتە هۆی دابەزینی کوالیتی ژیان، چونکە لاوازبوونی کاریگەری دامەزراوەیی توانای حکومەت بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان سنووردار دەکات.

## ٢-٣ توێژینەوەکانی پێشوو:

یەکەم: توێژینەوەی کارزان حسن عبدالرحمن (2019) بە ناونیشانی: کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەلای فەرمانبەرانی شاری هەولێر لە ماوەی 2014-2017 .

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر بوارەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی کوڵەگە و هەڕەشەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی جیاوازی ئاماری لە نێوان گۆڕاوەکان و تەوەرەکانی توێژینەوەکە.

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاری و بەراوردکاری بەکارهێناوە. جۆری نموونەکەی هەڕەمەکی چینایەتییە، کە قەبارەکەی 384 یەکەیە لە فەرمانبەرانی دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێم. توێژەر میتۆدی تێکەڵی چەندی و چۆنی بەکارهێناوە و ڕوپێوی کۆمەڵایەتی و چاوپێکەوتنی نیمچەکراوی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە پشتی بە هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەستووە (SPSS).

توێژەر بەو ئەنجامانە گەیشتووە:

أ.گرنگترین هۆکارەکان قەیرانی ئابووری لە هەرێم کوردستان بریتین لە گەندەڵی دارایی، پەشت بەستنی حکومەت بە کەرتی نەوت و پشتگوێ خستنی کەرتەکانی تر، بڕینی بەش بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق، هێرشی تیرۆرستی داعش و بوونی ڕێژەیەکی زۆری ئاوارە لە هەرێم و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان.

ب. قەیرانی ئابووری بۆتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو تاوان و لێک جیابوونەوە و توندوتیژی خێزانی. دابرانی قوتابیان و مامۆستایان لە پرۆسەی پەروەردە بەهۆی خراپی باری دارایی، زۆرتر بوونی نەخۆشییە دەروونییەکان.

ت. قەیرانی ئابووری هۆکارێک بووە بۆ زیاتر قووڵبوونەوەی قەیرانە سیاسییەکان ولاوازکردنی ئینتیمای نیشتیمانی و متمانەی هاوڵاتییان بە حکومەت.

ث. ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی بەهێزی بە جۆری کۆمەڵایەتی و کوالیتی ژیان هەیە.

هیچ جیاوازییەک دەرنەکەوتووە لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بەگوێرەی گۆڕاوەکانی ڕەگەز وکۆلێژ و شوێنی نیشتەجێبوونی قوتابی. کەچی جیاوازیێکی مەعنەوی دەرکەوتووە لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی گۆڕاوی ئاستی گوزەران لە بەرژەوەندی ئەو چینانەی پشت ڕاستیان کردبووەوە، کە ئاستی گوزەرانیان (ناوەند، باش، زۆر باشە)،

لە ئینتیمای کۆمەڵایەتی لە پشت ڕاستیان کردبووەوە کە ئاستی گوزەرانیان (ناوەند، باش، زۆر باشە).

دووەم: توێژینەوەی جوان اسـماعیل بکر (2011) بەناونیشـانی: جودة الحیاة وعلاقتها بالأنتماء والقبول الاجتماعیین دراسة میدانیة لطلبة جامعة صلاح الدین

کوالیتی ژیان وپەیوەندی بە ئینتیما و پەسـەندکردنی کۆمەلایەتی توێژینەوەیەکی مەدانییە لە نێو قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشـانکردنی ئاستی کوالیتی ژیان و ئینتیمای کۆمەڵایەتی و پەسـەندکردنی کۆمەلایەتی و دەرخستنی جیاوازی لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە لەلای نموونەی توێژینەوەکە و سروشتی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە و پێوانەکردنی ئەندازەی توانای پێشـبینیکردنی ئینتیماو پەسـەندکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گۆڕاوە گشتییەکانی توێژینەوەکە لە پێشبینیکردنی کوالیتی ژیان.

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسـفی شـیکاری بەکارهێناوە. جۆری نموونەکەی هەڕەمەکی چینایەتییە کە قەبارەکەی 430 یەکەیە لە قوتابیانی کۆلێژەکانی بەیانیانی زانکۆی سـەلاحەددین. توێژەر پێوەری بەکارهێناوە وەکو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی. بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە پشـتی بە هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەستووە (SPSS).

توێژەر بوارەکانی کوالیتی ژیانی پوخت کردۆتەوە لە پەیوەندییە خێزانییەکان، داهات، پەروەردە، تەندروسـتی دەروونی، تەندرووسـتی گشـتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەسـەربردنی کاتی بەتاڵ و گەشـبینی بە داهاتوو. هەروەها بوارەکانی ئینتیمای کۆمەڵایەتی خۆی دەبینێتەوە لە ڕەزامەندی لە کۆمەڵ، ڕێزگرتنی خود، بەشـداری کۆمەڵایەتی، ئارەزوو لەگەڵ ڕۆشتنی کۆمەڵایەتی، بەڵام پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی یەک ڕەهەندی هەبوو.

توێژەر گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجام، ئەو دەرئەنجامانە دەخەینە ڕوو، کە پەیوەندیدارن بەم توێژینەوەیە، کە بریتین لە:

1.هیچ جیـاوازییەک لە نێوان گۆڕاوەکـانی توێژینەوەکە بەگوێرەی گۆڕاوەکـانی ڕەگەز و کۆلیژ و شـوێنی نیشتەجێبوونی قوتابی دەرنەکەوت.

2. جیاوازییەکی مەعنەوی لە کوالیتی ژیان بەگوێرەی گۆڕاوی ئاسـتی گوزەران دەرکەوتووە لە بەرژەوەندی ئەو چینانەی پشت ڕاستیان کردبووەوە، کە ئاستی گوزەرانیان (ناوەند، باش، زۆر باشە)، لە ئینتیمای کۆمەڵایەتی لە پشت ڕاستیان کردبووەوە، کە ئاستی گوزەرانیان (ناوەند، باش، زۆر باشە).

سـێیەم: توێژینەوەی چۆنگ ئاپین (2009) بە ناونیشـانی: On the measurement of political instability and its impact on economic growth

لەبارەی پێوانی کاریگەری ناسەقامگیری سیاسی لەسەر گەشەی ئابووری.

ئامانج لەو توێژینەوەیە دەرخستنی ڕەهەندەکانی ناسەقامگیری سیاسی و پەیوەندییانە بە گەشـەی ئابووری. توێژەر میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە بۆ ڕاڤەکردنی داتای بەردەسـتی 90 وڵات لە ماوەی 1974 تا 2003 بۆ پێوانی پەیوەندی نێوان ناسەقامگیری سیاسی و گەشـەی ئابووری و 25 نیشاندەری ناسەقامگیری سیاسی بەکارهێناوە، کە لە چوار ڕەهەند پێک دێن: توندوتیژی سـیاسـی، ناڕەزایی مەدەنی بە کۆمەڵ، نا سـەقامگیری لە ناوەوەی سیسـتەمی سیاسی و ناسەقامگیری سیستەمی سیاسی. توێژەر ئامرازی ئاماری ڕاڤەی فاکتەری بەکارهێناوە.

توێژینەوەکە بەو دەرئەنجامانە گەیشتووە:

1.ناسەقامگیری سیاسی کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی ئابووری هەیە.

2.هەندێک لە دەرئەنجامەکان دەیسـەلمێنن، کە هەندێک جار ناسـەقامگیری سیاسـی کاریگەری زۆری ئەرێنی لەسـەر گەشـەی ئابووری هەیە. ئەوەش پێچەوانەی پێشـبینی زۆر توێژەر و شـارەزایانە، کە پێیان وایە ناسـەقامگیری لە نـاوەوەی حکومەت ئەگەر دووبـارە هەڵبژاردنەوەی کەمتر دەکـاتەوە، ئەوەش دەبێـت هۆی کەمبوونەوەی سەرمایەگوزاری گشتی، کە دەبێتە هۆی داکشانی زیاتری گەشەی ئابووری. پێشبڕکێی سیاسی کارێکی تەندروستە بۆ گەشـەی ئابووری، لەو ڕێگایە سـیاسـی ناشـایسـتە هەڵوێسـتیان لەبەرانبەر وەردەگیرێت، بەهۆی جێبەجێ کردنی سیاسەتی نەگونجاو و بە سیاسی شایستە تر جێگایان پڕ دەکرێتەوە.

3.بە پێچەوانەشـەوە دەرئەنجامەکان دەری دەخەن، کە گەشـەی ئابووریش ناسـەقامگیری سیاسـی لە نێو سیستەمی

سیاسی بەهێزتر دەکات، هەروەک نەبوونی گەشەی ئابووری دەبێتە هۆی توندوتیژی لەسەر بنەمای سیاسی.

چوارەم : توێژینەوەی ئـازینـگ و یۆگۆ (2013) بەنـاونیشـــــانی: Youth Unemployment and Political Instability in Selected Developing Countries

بێکاری لاوان و ناسەقامگیری سیاسی لە هەندێک وڵاتی تازە گەشە کردووی هەڵبژێردراو:

توێژەران داتای بەردەســـتی 24 وڵاتی تازە پێگەیشـــتوو لە ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و باشـــوری ئاســـیایان لە ماوەی 1984 تا 2010 ڕاڤە کردووە. بێکاریان لەســـەر بنەمای پێناســـەی ڕێکخراوی کاری جیهانی بۆ بێکاری و پێناســـەی ڕێکخراوی تەندروســـتی جیهانی بۆ گەنج بە پشـــت بەســـتن بە زانیاری بەردەســـت لە سیستەمی زانیاری ڕێکخراوی کاری جیهانی لە بارەی بێکاری.

4. زانیاری لەبارەی ســەقامگیری ســیاســی لەســەر بنەمای فاکتەرەکانی: گۆڕانی حکومەت، گۆڕانی کابینەی حکومەت، کۆدێتا، پێکدادانی چەکداری و مردنی خەڵکی ســـیڤیل بە هۆی ململانێکان، کە پوختیان کردۆتەوە لە دەســـــتەواژەی مەترسی ململانێی ناوخۆیی وەک پێوەری ناسەقامگیری سیاسی. (Azeng & Yogo 2013, 6)

5. توێژینەوەکە بەو دەرئەنجامە گەیشـتووە، کە پەیوەندییەکی ڕاسـتەوانە لە نێوان ناسـەقامگیری سـیاسـی و بەرزی ئاستی بێکاری گەنجان و نایەکسانی و گەندەڵی هەیە.

## تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

لەو چوار توێژینەوەییەی کە باســـکران میتۆدی وەســـفی بەکارهاتوون. میتۆدی بەراووردکاری زیاتر لە بواری سەقامگیری سیاسی بەکارهاتووە بەتایبەتیش لەو بوارانەی کە زانیاری وورد وزۆر بەردەستن.

توێژینەوەکەی بەکر (2011) ، تیشــک دەخاتە ســەر کوالیتی ژیان و فاکتەرە تاکەکەســییەکانی وەک پەیوەندییەکانی خێزان، داهات و تەندروستی دەروونی لەنێو خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددین. لە کاتێکدا ئەم توێژینەوەیە تێڕوانینی بە نرخ دەخاتە ڕووو ســەبارەت بە دینامیکی کەســی و کۆمەڵایەتی، بەڵام ئاماژە بە پەیوەندی کوالیتی ژیان بە کێشــە سیستەمییە فراوانەکانی وەک قەیرانی ئابووری و سەقامگیری سیسی ناکات.

توێژینەوەکەی عەبدولڕەحمان(2019) پەیوەندی قەیرانی ئابووری بە ســـــەقامگیری کۆمەڵایەتی لە هەولێر دەخاتە ڕوو لە ماوەی 2014 –2017 دەرەنجامەکانی قەیرانی ئابووری پەیوەندی بە زیادبوونی کێشـــە کۆمەڵایەتییەکانی وەک توندوتیژی خێزانی وکێشـــەی تەندروســـتی دەروونی و کەمبوونەوەی متمانە بە دامەزراوەکانی حکومە. بەڵام کۆمەڵگای توێژینەوەکەی کارمەندانی حکومییە.

لە بەرانبەردا، توێژینەوەکیی ئاپین (2009)، تێڕوانینێکی جیهانی فراونتر دەخاتە ڕوو لە پەیوەندی ناســـــەقامگیری سیاسی بە گەشەی ئابووری. لە کاتێکدا دەرەنجامەکانی ئاپین جەخت لەسەر کاریگەری نەرێنی ناسەقامگیری سیاسی دەکەنەوە لەســـەر ئەدای ئابووری، بەڵام ناتوانینی دەرەنجامەکانی لەســـەر هەرێمی کوردســـتان و شـــاری هەولێر بگشتێنین، کە قەیرانی ئابووری هاوکاتە لەگەڵ ئاستەنگی سیاسی قوڵ. ئەو توێژینەوانە گرنگی توێژینەوەی هەرسێ گۆڕاوەکە لە هەرێمی کوردســـتان و هەولێر دەخەنە ڕوو، بۆ تێگەیشـــتن لە هاوپەیوەندی نێوان قەیرانی ئابووری و ئاستەنگەکانی کوالیتی ژیان و سەقامگیری سیاسی.

توێژینەوەکەی ئازینگ ویۆگۆ (2013) توێژینەوەی لەبارەی بێکاری لاوان و ناسەقامگیری سیاسی دەکات و نیشانی دەدات، کە گەنجان بەئاســانی دەکەونە ژێر کاریگەری قەیرانی ئابووری. دەرەنجامی توێژینەوەکە نیشــانی دەدات، کە چۆن ڕێژەی بەرزی بێکاری دەکرێت پشێوی سیاسی لێ بکەوێتەوە و پەیوەندی ڕاستەخۆی نێوان قەیرانی ئابووری و ناسەقامگیری سیاسی دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەم توێژینەوە لە ئاستی ماکرۆی وڵاتانی پێشکەوتووە و جێبەجێ کردنی دەرەنجامەکانی لەســەر تێڕەوێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری وســیاســی خۆجێیی وەکو هەرێمی کوردســتان و شــاری هەولێر زەحمەتە.

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکان جەخت لەسەر سروشتی فرە لایەنی پەیوەندی نێوان قەیرانی ئابووری و کوالیتی ژیان و ســـەقامگیری ســـیاســـی دەکەنەوە، هاوکات کەلێنێکی بەرچاو لە توێژینەوەی هەرســێ گۆڕاوەکە هەیە و پەیوەندییان بە گەنجان لە شاری هەولێر.

### ٤-٢ قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی 2014 تا 2024

هەرێمی کوردستان عێراق لە سالانی 2014وە بەدەست زنجیرەیەک قەیرانی ئابووری یەک بەدوای یەک و قووڵەوە دەناڵێنێت، کە بەهۆی کۆبوونەوەی هۆکارەکانی ناسەقامگیریی ناوچەکە(شەڕی داعش)، ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، دابەزینی نرخی نەوت، ناکۆکی و پەرتەوازەیی ناوخۆیی، پەتای کۆرۆنا، خراپ بەڕێوەبردن، گەندەڵی و قۆرخکردن ڕوویدا.

گۆرانی سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق وەرچەرخانێکی گەورەی سیاسی و یاسایی و ئابووری بوو لە هەرێمی کوردستان. لە 2005 ەوە دەستووری عێراقی دانی بە قەوارە وداموودەزگا و یاسا و ڕێسا دەرچووەکانی هەرێمی کوردستان (الدستور العراقي،2005، المواد 4 و 117 و 114). سەرەڕای دانپێدانان بە حوکمڕانی نیمچە سەربەخۆی هەرێمی کوردستان لە دەستووردا، بابەتی سیاسەتی دارایی وەکو یەکێک لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی مایەوە و نەوت وەک موڵکی خەڵکی عێراق ناسێنرا وبەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت بە حکومەتی فیدراڵی و هەرێم وپارێزگاکان سپێردرا، کە وردەکارییەکەی دەبێت بە یاسا ڕێک بخرێت (هەمان سەرچاوە ماددەکانی 111-112) تا ئێستا یاسای نەوت و غاز دەرنەچووە بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و پارێزگاکان لە گەشەپێدانی بواری نەوت وغاز، هەروەها تا 2024 سەرژمێری ئەنجام نەدرا تا ببێت بە بنەمای دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتی نەوت و غاز، وەک لەو ماددەیەی دەستووری عێراقدا هاتووە هەرێمی کوردستان پشکی ڕاستەقینەی خۆی وەرگرێت.

داهاتی نەوت و غاز بەشی هەرە زۆری داهاتی عێراق و هەرێمی کوردستان پێک دێنێت، بۆیە گرنگترین دۆسیەی ئابووری نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵییە، کە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. لە 2007 پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و غازی ژمارە 22 ی 2007 دەرکرد بۆ بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی نوێ (یاسای نەوت و گاز، 2007). بەگوێرەی ماددەی دووەمی یاساکە- دووەم، هیچ یاسا وڕێکەوتن و گرێبەست و یاداشتی لێک تێگەیشتن و بەڵگەی تری فیدراڵی تایبەت بە نەوت و غاز جێبەجێ ناکرێن بەبێ ڕەزامەندی تایبەتمەندی هەرێم، ئەوەش بە پشتبەستن بە ماددە 115ی دەستووری عێراقی. بەگوێرەی ماددەی 3 ی یاساکە حکومەتی هەرێم بەشی هەیە لە داهاتی کێڵگەکانی بەرهەمهێن پێش 2005/8/15 و بەشیشی هەیە لە کێڵگەکانی بەرهەمهێن دوا 8/15/ 2005 (یاسای نەوت و گاز،2007). لە ساڵی 2023، دادگای باڵای فیدراڵی ئەو یاسایەی بە نادەستوری هەژمارکرد و هەڵیوەشاندەوە.

جگە لە کێشەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی نەوت و غاز وفرۆشتنی، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی ناکۆکن لەسەر جۆری ئەو گرێبەستانەی، کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکانی وەبەرهێن لە هەرێمی کوردستان واژووی کردووە، کە گرێبەستی پشکدارین.

لە 23 ئایاری 2014 وەزارەتی سامانە سروشتییەکان فرۆشتنی یەکەم باری نەوتی ڕاستەوخۆی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند لە ڕێگای بەندەری جیهانی تورکی (Ministry of Natural Resources, 2015).

لە ساڵی 2014 حکومەتی فیدراڵی، پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی ڕاگرت. ئەم ناکۆکییانە ناسەقامگیریی دارایی دروستکردو وبەشی زۆری خزمەتگوزارییەکانی گشتی پەک خست ( Qadir and Majeed,2023: 34).

بەگوێرەی ڕاپۆرتی پەیمانگای توێژینەوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی سەر بە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی (2015) قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە مانگی حوزەیرانی 2014 دەستی پێ کرد لە سەروبەندی هێرشی داعش بۆ سەر هەولێر و نزیکبوونەوەی لە شاری هەولێر. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە هۆکارێکی تری سەرەکی قەیرانەکە دەکات، کە بریتییە لە بڕینی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێم لە داهاتی حکومەتی فیدراڵی، لە چارەکی دوەمی ساڵی 2014 کە 77% داهاتی هەرێمی پێک دەهێنا (Qadir and Majeed,2023: 34).

### سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەمەجۆرکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان بە یەکێک لە پێشینەکانی کاری خۆی دەزانێت (کارنامەی کابینەی 9 حکومەتی هەرێم، لە ئاستی ئابووری و داراییدا)، بەتایبەتیش پێداچوونەوەی کردەوە بە داهاتی ناوخۆ و باج و رسومات، ئەوەش داهاتی ناوخۆی تاڕادەیەک زیاد کرد لەلایەک و لەلایەکی تر باری سەرشانی هاوڵاتیانی گرانتر کرد. بەڵام تا ئێستا چالاکی ئەوتۆ لە پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و کەرتەکانی تر جێبەجێ نەکراوە، وا بکات ئەو کەرتانە بەشداری بەرچاویان لە ئابووری وداهاتی هەرێم هەبێت ( Qadir and Majeed,2023: 35-36).

### قەیرانی ئابووری و کۆچی گەنجان

خراپبوونی کوالیتی ژیانی هاوڵاتیان و بە تایبەتیش گەنجان، بووە هۆی هەڵکشانی کۆچی گەنجانی بۆ دەرەوەی وڵات. بەگوێرەی ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021، لە دوای 2014 هاوڵاتیان بەهۆی خراپی باری ئابووری ومەترسی هێرشەکانی ڕێکخراوە تیرۆرستەکان دیاردەی کۆچکردن زیادی کردووە. هەر بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە لە 2021 نزیکەی 55000 هاوڵاتی کوردستان لە باروودۆخێکی ساردی دژوار ڕوویان کردە سنوورەکانی بیلاڕوسیا بۆ گەیشتن بە ئەوروپا لەو ژمارەیە 45 کەس گیانی لەدەستداوە و50 کەسیش بێ سەرو شوێنن، ئەوانەی تریش گەڕێنرانەتەوە هەرێمی کوردستان. بەگوێرەی بەدواداچوونی دەستەی مافی مرۆڤ کێشەی کۆچبەران پەیوەستە بۆ خراپی باری ئابووری، گرانی بازاڕ، نەبوونی هەلی کار، کاڵبوونەوەی ئینتیمای سیاسی و خراپی خزمەتگوزارییەکانی ئاو وکارەبا (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، 2022: 17)

قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان کاریگەری خراپی لە سەر کوالیتی ژیانی دانیشتوانەکەی کردووە. بەهۆی دواکەوتنی مووچە و نەبوونی پارە بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دانیشتوان ڕووبەڕووی خراپبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی پەروەردە و ژێرخانی ئابووری کردۆتەوە، سیستەمی تەندروستی لاوازە و کاریگەری گرنگی لە سەر تەندروستی گشتی هەیە (Shukor,2017: 3-5). خراپبوونی کوالیتی ژیان لە ڕێگای زیادبوونی بێکاری، کەمبوونی داهات و سنووردارکردنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانی وەک چاودێری تەندروستی و پەروەردە و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک کارەبا و ئاو. ئەو ئاستەنگانە هەستی ئاسایشی ئابووری تاک و کۆمەڵگا نزم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی نارەزایی و پشێوی کۆمەڵایەتی. کاتێکیش حکومەتەکان ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر بەرەنگاری لێکەوتەکانی قەیرانی ئابووری ببنەوە، متمانە بە دامەزراوە حکومییەکان کەم دەبێتەوە. دابەزینی متمانە سەقامگیری سیاسی لاواز دەکات و ئەگەری نارەزایی و نائارامی زیاد دەکات.

## 3. لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### 3. 1 میتۆدی توێژینەوە

جۆری توێژینەوەکە لە شێوەی وەسفی شیکارییە، بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لە گرفتی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئەنجامی وردتر و زانیاری زیاتر سەبارەت بە پەیوەندی قەیرانی ئابووری بە کوالیتی ژیان و سەقامگیری سیاسی.

### 3. 2 کۆمەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگای توێژینەوە گەنجانی شاری هەولێرن. بەگوێرەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (کانوونی یەکەمی 2022)، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 6،171،085 کەس مەزەندە دەکرێت. ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بە 2،254،422 کەس مەزەندە دەکرێت، کە 960،774 کەسیان لە شاری هەولێر دەژین. لەو ژمارەیەش مەزەندە دەکرێت 676،542 کەس تەمەنیان لە نێوان 18 – 34 ساڵ بێت لە شاری هەولێر، لەوانەش نزیکەی 288،324 یان لە شاری هەولێر دەژین (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان،2022).

### 3. 3 نموونەی توێژینەوەکە

نموونە توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی(Stratified random sample) هەڵبژێردراوە، بەلەبەرچاو گرتنی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەک (ڕەگەز، جۆری پیشە و باری کۆمەڵایەتی) بە مەبەستی زانینی کاریگەرییان لە سەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە. نموونەی توێژینەوەکە پێک هاتبوو لە (٤٠٠) گەنج لە گەنجانی شاری هەولێر کە

تەمەنیان لە نێوان (18ـ 34) ساڵ بوو. لە خشتەی (١) تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانیان دەخرێتەروو:

خشتەی (١)

تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکە پیشان دەدات

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 209 | 52.2 |
| مێ | 191 | 47.8 |
| کۆی گشتی | 400 | 100.0 |
| گرووپی تەمەنی | | |
| ١٨ ـ ٢١ ساڵ | 107 | 26.7 |
| ٢٢ ـ ٢٥ ساڵ | 105 | 26.3 |
| ٢٦ ـ ٣٠ ساڵ | 100 | 25.0 |
| ٣١ ـ ٣٤ ساڵ | 88 | 22.0 |
| کۆی گشتی | 400 | 100.0 |
| باری کۆمەڵایەتی | | |
| سەڵت | 208 | 52.0 |
| خێزاندار | 192 | 48.0 |
| کۆی گشتی | | |
| جۆری پیشە | | |
| قوتابی | 136 | 34.0 |
| مووچەخۆر | 65 | 16.3 |
| کاری ئازاد | 89 | 22.3 |
| ژنی ماڵەوە | 79 | 19.7 |
| بێکار | 31 | 7.7 |
| کۆی گشتی | 400 | 100.0 |

### 3. 4 ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

بۆ کۆکردنەوەی داتای چەندایەتی، پێوەری ( Scale) تایبەت بۆ گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دروست کراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوە زانستییەکان، تیۆر و توێژینەوەکانی پێشوو، پاشان ڕاستیەتی و جێگیری بۆ پێوەرەکان دەرهێنراوە و بەشێوەی پرسیارنامە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەی دابەش کراوە و دواتر هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)و (AMOS ) بەکار هاتووە بۆ خستنەڕووی زانیارییە کۆکراوەکان.

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لە نموونەی توێژینەوەکەو تاوتوێ کردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە سێ پێوەر بەکارهاتوون کە بریتین لە (پێوەرەکانی قەیرانی ئابووری، کوالیتی ژیان و سەقامگیری سیاسی). بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیەتی و دروستی پێوەرەکان، توێژەر تایبەتمەندییە سایکۆسۆسیۆمەترییەکانی لەسەر پێوەرەکە جێبەجێ کرد کە هەنگاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوون.

### 3. 5 شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە (conformity factor analysis – CFA):

بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە هەر یەک لەو بڕگانەی کە بۆ پێوانەکردنی هەر یەک گۆڕاوەکان دەست نیشانکراون باری ئاماریی پێویستی لەسەر گۆڕاوەکەی هەیە، دەتوانێت پێوانەی بەشێک لەو گۆڕاوە بکات، شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە (conformity factor analysis – CFA) بەکارهێنرا. لەم پەیوەندییەدا بڕگەکانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) جێگیرکرد و پێوەرەکانی "گونجاوبوونی فیت" ( Goodness-of- Fit) لەسەر مۆدیلەکەیان جێبەجێ کرد و لە هەر یەک لە پێوەرە و ڕەهەندەکاندا ئەو بڕگانەی کە باری ئاماری پێویستیان لەسەر ڕەهەندەکەی خۆیان نەبوو سڕانەوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

١. پێوەری کوالیتی ژیان: بریتی بوون لە بڕگەکانی (١، ٣، ١٤، ١٥) لە ڕەهەندی ژینگەیی، بڕگەی (٣) لە ڕەهەندی

جەستەیی، بڕگەکانی (٢، ٣، ٤) لە ڕەهەندی دەروونی و بڕگەی (٣) لە پێوەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٢. پێوەری سەقامگیری سیاسی: بڕگەی (٤) لە ڕەهەندی حوکمڕانی کارا و بڕگەی (٥) لە ڕەهەندی سەروەری یاسا. بەم شـێوەیە وەکو لە خشـتـەی (٢) دەردەکەوێـت، (RMSEA=0.062<0.08) و (CMIN=2.525<3) و (PNFI=0.706>0.60) و (PCFI=0.773>0.60)، هەرچەند کە (CFI) و (IFI) نەگەیشتوونەتە ئاستی پێویست، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەموو بڕگەکان باری ئاماری بەرزیان لەسـەر ڕەهەندەکەیان هەیە، کە کەمتر نییە (0.60) جیا لە بڕگە (٢) لە ڕەهەنـدی ژینگەی پێوەری کوالیتی ژیـان کە (0.59)یە، بۆیە ئەتوانین بڵێین پێوەرەکەمان مەرجەکانی فیتبوونی تێدایە و هۆکاری دابەزینی ئەو دوو نیشـانـدەرە دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی گۆڕاوەکانی مۆدیلەکە کە بریتییە لە (١٨) گۆڕاو.

خشتەی (٢): نیشاندەرەکانی گونجاوبوونی مۆدیلەکە نیشان دەدات

| Fitting indexes | RMSEA | CMIN/DF | PNFI | AGFI | PCFI | IFI | CFI |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Cut value | ≤0.08 | ≤3 | ≥0.60 | ≥0.80 | ≥0.60 | ≥0.90 | ≥0.9 |
| The model | 0.062 | 2.525 | 0.706 | 0.689 | 0.773 | 0.854 | 0.852 |

## 3. 6 ڕاستییەتی و جێگیری پێوەرەکان:

بە مەبەستی دڵنیایی لە ڕاستییەتی و جێگیری پێوەرەکان توێژەر چەند هەنگاوێکی زانستی لەسەر پێوەرەکان جێبەجێ کرد، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

- پێوەری قەیرانی ئابووری

بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە ڕاستییەتی و دروستی پێوەری قەیرانی ئابووری، هەنگاوە زانستییەکانی ڕاستییەتی و دروستی لەسەر پێوەرەکە جێبەجێ کران، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

### یەکەم: ڕاستییەتی پێوەری قەیرانی ئابووری

**أ. ڕاسـتییەتی یەکانگیری (Convergent validity):** یەکێکی دیکە لە ڕێگاکانی تاقیکردنەوەی ڕاسـتییەتی پێوەرەکە بریتی بوو لە ڕاستییەتی یەکانگیری. ڕاستییەتی یەکانگیری ڕەهەندی پیشە بریتییە لە (0.801)، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (0.846)، ڕەهەندی خزمەتگوزاری (0.838)، ڕەهەندی سـیاسـی (0.876) و ڕەهەندی بازرگانی (0.836) کە بە ئاستێکی بەرزی ڕاستییەتی یەکانگیری ئەژمار دەکرێن.

**ب. جێگیری پێوەری قەیرانی ئـابووری:** جێگیری پێکهـاتەی (composite reliability): یەکێـک لە ڕێگـاکـانی تاقیکردنەوەی جێگیری بریتییە لە جێگیری پێکهاتەی (composite reliability). جێگیری پێکهاتەی ڕێگایەکی پێوانە کردنی گونجانی نێوخۆیی بڕگەکانی پێوەرەکەیە کە هاوشـێوەی ئەڵفای کرۆنباخە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەڵفای کرۆنباخ کە هەموو بڕگەکان بە گرنگی یەکسـانەوە داخل دەکرێت، لە جێگیری پێکهاتەییدا، ئەو بڕگانەی کە باسـتـایی (Loading) زیاتریان هەیە، گرنگی زیـاتریـان هەیە، ئەمەش وادەکات کە بەهـای جێگیری پێکهاتەی وردتر بێت لە ئەڵفای کرۆنباخ (Ahmed and Barzinchi, 2024: 310). بەهای جێگیری ڕەهەندی پیشـە بریتییە لە (0.573) و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (0.579) کە بە ئاسـتێکی پەسـندکراو لە جێگیری ئەژمار دەکرێن. بەهای جێگیری ڕەهەندی خزمەتگوزاری بریتییە لە (0.635) و ڕەهەندی بازرگانی (0.630) کە بە ئاسـتێکی مامناوەند لە جێگیری پێکهاتەیی ئەژمار دەکرێت و هەروەها ئاستی جێگیری پێکهاتەی ڕەهەندی سیاسی بریتییە لە (0.701) کە بە ئاستێکی بەرز لە جێگیری ئەژمار دەکرێت.

### دووەم: کوالیتی ژیان

**أ. ڕاسـتییەتی پێوەری کوالیتی ژیان:** ڕاسـتییەتی یەکانگیری (Convergent validity): یەکێکی دیکە لە ڕێگاکانی تاقیکردنەوەی ڕاسـتییەتی پێوەرەکە بریتی بوو لە ڕاسـتییەتی یەکانگیری، ڕاسـتییەتی یەکانگیری ڕەهەندی ژینگەیی بریتییە لە (0.902)، ڕەهەندی گشـتی (0.821)، ڕەهەندی پشتبەخۆ بەشتن (0.795)، ڕەهەندی جەستەیی (0.835)، ڕەهەندی دەروونی (0.890)، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (0.832) و ڕەهەندی باوەڕ (0.831) کە بە ئاسـتێکی

بەرزی راستییەتی یەکانگیری ئەژمار دەکرێن.

**ب. جێگیری پێوەری کوالیتی ژیان**: جێگیری پێکهاتەی (composite reliability): یەکێک لە رێگاکانی تاقیکردنەوەی جێگیری بریتییە لە جێگیری پێکهاتەی (composite reliability) بەهای جێگیری پێکهاتەی لە ڕەهەندی ژینگەی بریتییە لە (0.574)، ڕەهەندی پشتبەخۆ بەستن (0.564) ، دەروونی (0.576) و باوە (0.552) کە بە ئاستێکی پەسندکراو دادەنرێت و ڕەهەندی گشتی (0.606)، جەستەیی (0.632) کە بە ئاستێکی مامناوەند لە جێگیری پێکهاتەی دادەنرێت. سەبارەت بە ڕەهەندی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهای جێگیری بریتییە لە (0.455) کە کەمترە لە (0.5) بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئاستی راستییەتی بەرزەو بڕگەکان باری ئاماری بەرزیان هەیە.

**سێیەم: سەقامگیری سیاسی**

**أ. راستییەتی پێوەری سەقامگیری**: راستییەتی یەکانگیری (Convergent validity): یەکێکی دیکە لە رێگاکانی تاقیکردنەوەی راستییەتی پێوەرەکە بریتی بوو لە راستییەتی یەکانگیری، راستییەتی یەکانگیری ڕەهەندی ژینگەیی کارامەیی دامەزراوەکان لە (0.900)، ڕەهەندی ڕەوایەتی (0.849)، ڕەهەندی حوکمڕانی کارا (0.900)، ڕەهەندی سەروەری یاسا (0.937)، ڕەهەندی ئازادی مەدەنی و بەشداری سیاسی (0.806)، ململانێ سیاسی (0.865) بە ئاستێکی بەرزی راستییەتی یەکانگیری ئەژمار دەکرێن.

**ب. جێگیری پێوەری سەقامگیری سیاسی**: جێگیری پێکهاتەی (composite reliability): یەکێک لە رێگاکانی تاقیکردنەوەی جێگیری بریتییە لە جێگیری پێکهاتەی (composite reliability) بەهای جێگیری پێکهاتەی لە ڕەهەندی کارکردنی دامەزراوەکان بریتییە لە (0.751)، ڕەهەندی ڕەوایەتی (0.738) ، و سەروەری یاسا (0.789)، کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری پێکهاتەی دادەنرێت حوکمڕانی کارا (0.692) ململانێ سیاسی (0.684) کە بە ئاستێکی مامناوەند لە جێگیری پێکهاتەی دادەنرێت. و ئازادی مەدەنی و بەشداری سیاسی (0.584) کە بە ئاستێکی پەسندکراو دادەنرێت.

## 4. تاوتوێ کردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە

### ئامانجی یەکەم: پێوانەکردنی ئاستی قەیرانی ئابووری، کوالیتی ژیان و سەقامگیری سیاسی

یەکەم: پێوانە کردنی ئاستی قەیرانی ئابووری

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی ڕەهەندەکان قەیرانی ئابووری، سوودمان لە ئاماری وەسفی وەرگرت، کە وەکو لە خشتەی (٣) دەردەکەوێت: لە هەموو ڕەهەندەکاندا کەمترین دەرەجە بریتییە لە (١) و بەرزترین دەرەجە (٥). سەبارەت بە ناوەندی ژمێرەیی، وەکو لە خشتەکەدا دەبینرێت، ناوەندی ژمێرەیی هەموو ڕەهەندەکان بەرزترە لە بژاردەی (٤) کە بریتییە لە "لەگەڵیدام"، ئەمەش نیشان دەدات، کە قەیران ئابووری لای نموونەی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز دەرکەوتووە.

خشتەی (٣): ئاستی قەیرانی ئابووری لای بەشدارانی نموونەکە نیشان دەدات

| ڕەهەندەکانی قەیرانی ئابووری | نزمترین دەرەجە | بەرزترین دەرەجە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| پیشە | 1 | 5 | 4.24 | 0.961 |
| کۆمەڵایەتی | 1 | 5 | 4.32 | 0.835 |
| خزمەتگوزاری | 1 | 5 | 4.20 | 0.927 |
| سیاسی | 1 | 5 | 4.08 | 1.088 |
| بازرگانی | 1 | 5 | 4.20 | 0.895 |

ئەم ئەنجامانە جەخت لەسەر پێویستی بەپەلەی داڕێژەرانی سیاسەت دەکەنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە ئابووری، کە ڕووبەڕووی گەنجان دەبنەوە. هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی قەیرانەکان پێویستە لەسەر باشترکردنی هەلی کار و بەرزکردنەوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و گشتییەکان و پەروەردەکردنی ژینگەیەکی سیاسی و بازرگانی سەقامگیرتر بێت. بە چارەسەرکردنی ئەم بوارە گرنگانە، ڕەنگە بتوانرێت کوالیتی ژیان بەرەوپێش بچێت و

کاریگەری بەرچاوی لە سەر سەقامگیری سیاسی دەبێت.
بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە قەیرانی ئابووری لای نموونەی توێژینەوەکە ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانمان لەسەر قەیرانی ئابووری دەرهێنا، ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم: ڕەگەز**

بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر هەر یەک لە ڕەهەندەکانی قەیرانی ئابووری، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test)مان بەکارهێنا. لە هیچ یەک لە ڕەهەندەکانی قەیرانی ئابووریدا (پیشەیی، کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری، سیاسی و بازرگانیدا) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان نێر و مێدا نییە، ئەمەش ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو بچووکترە لە بەهای (t) خشتەی و هەروەها (P-Value>0.05).

**دووەم: پیشە**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی جۆری پیشە لەسەر ڕەهەندەکانی قەیرانی ئابووری، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way ANOVA) بەکارهات لە هیچ یەک لە ڕەهەندەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان پیشە جۆراوجۆرەکاندا نیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05).

**سێیەم: باری کۆمەڵایەتی نموونەکە**

بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی باری کۆمەڵایەتی (سەڵت و خێزاندار) لەسەر هەر یەک لە ڕەهەندەکانی قەیرانی ئابووری، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەکارهێنرا. لە هیچ یەک لە ڕەهەندەکانی قەیرانی ئابووریدا (پیشەیی، کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری، سیاسی و بازرگانیدا) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان سەڵت و خێزانداردا نیە، ئەمەش ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو بچووکترە لە بەهای (t) خشتەی و هەروەها (P-Value>0.05).
لە میانی خستنەڕووی ئەم ئەنجامانە بۆمان دەردەکەوێت، کە قەیرانی ئابووری بەگشتی کاریگەری بەرچاوی لە سەر گەنجان داناوە، چ لە ڕەگەزی نیر یا مێ، بە هەر پیشەیەکی جیاواز و سەڵت یا خێزاندار بێت.

**دووەم: پێوانەکردنی ئاستی سەقامگیری سیاسی**

وەکو لە خشتەی (4) دەردەکەوێت؛ لە ڕەهەندەکانی (کارکردنی دامەزراوەکان، ڕەوایەتی، حوکمڕانی کارا، سەروەری یاسا و ئازادی مەدەنی وبەشداری سیاسی) ئاستی سەقامگیری سیاسی لە روانگەی بەشدارانی نموونەکەوە کەمترە لە ناوەند (٣)، بە چەشنێک کە ئاستی سەقامگیری لەم ڕەهەندانەدا دەکەوێتە نێوان (2.10 بۆ 2.20) کە نزیکە لە بژاردەی "لەگەڵیدا نیم"، ئەمەش نیشان دەدات بەشێوەیەکی گشتی بەشدارانی نموونەکە هەست بە سەقامگیرییەکی زۆر کەم دەکەن لەڕووی سیاسییەوە. بەڵام لە ڕەهەندی ململانێ سیاسیدا، ئەم ئاستە بریتییە لە (3.71) کە بەزترە لە ناوەند (٣) و نزیک دەبێتەوە لە بژاردەی (لەگەڵیدام)، واتە هەست بە ململانێیەکی سیاسی تارادەیەک بەزر دەکەن.

خشتەی (4): ئاستی ڕەهەندەکانی سەقامگیری سیاسی نیشان دەدات

| گۆڕاو | نزمترین دەرەجە | بەرزترین دەرەجە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| کارکردنی دامەزراوەکان | 1 | 5 | 2.19 | 1.289 |
| ڕەوایەتی | 1 | 5 | 2.18 | 1.247 |
| حوکمڕانی کارا | 1 | 5 | 2.14 | 1.170 |
| سەروەری یاسا | 1 | 5 | 2.20 | 1.261 |
| ئازادی مەدەنی وبەشداری سیاسی | 1 | 5 | 2.10 | 1.147 |
| ململانێ سیاسی | 1 | 5 | 3.71 | 1.266 |

بە ئامانجی وردی زیاتر لە ئەنجامەکان، کارتێکەری گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، پیشـــە و باری کۆمەڵایەتی) لەسەر ئەنجامەکان تاوتوێ کرا کە ئەنجامەکانی لە خوارەوە دەخرێتە ڕوو:

**یەکەم: ڕەگەز و جۆری پیشە:**

بە مەبەســتی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەســەر هەر یەک لە ڕەهەندەکانی ســەقامگیری سیاسی، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەکارهێنرا کە, لە هیچ یەک لە ڕەهەندەکانی سەقامگیری سیاسی جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە، ئەمەش ئەمەش بە ســەرنجدان بەوەی کە لە هەموو ڕەهەندەکاندا بەهای (t) دەرهێنراو بچووکترە لە بەهای (t) خشـــتەی و هەروەها (P-Value>0.05).

بەهەمان شـێوە بە مەبەسـتی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی جۆرەکانی پیشـە (قوتابی، کارمەند، کاری ئازاد، ئافرەتی ماڵەوە، بێکار) لەسـەر ڕەهەندەکانی سـەقامگیری سیاسـی، سـوودمان لە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا ( One way ANOVA) وەرگرت، کە لە هیچ یەک لە ڕەهەندەکانی سـەقامگیری سیاسی جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان پیشە جۆراوجۆرەکاندا نییە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە لە هەموو ڕەهەندەکاندا (P-Value>0.05).

**دووەم: باری کۆمەڵایەتی (سەڵت و خێزاندار)**

بە مەبەســتی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی باری کۆمەڵایەتی (ســەڵت، خێزاندار) لەســەر هەر یەک لە ڕەهەندەکانی سـەقامگیری سیاسـی، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سـەربەخۆ (Independent Samples t-test)مان بەکارهێنا.

١. لە ڕەهەندەکانی (کارکردنی دامەزراوەکان، حوکمڕانی کارا، ســەروەری یاســا، ململانێ ســیاســی) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ســـەڵت و خێزانداردا بەدی دەکرێت، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشــتەی و هەروەها (P-Value<0.05). هۆکاری ئەم جیاوازییە لە ڕەهەندەکانی (کارکردنی دامەزراوەکان، حوکمڕانی کارا، ســەروەری یاســا) دەگەڕێتەوە بۆ ســـەڵتەکان کە ناوەندی ژمێرەییان بەرزترە لەوانەی خێزاندارن. بەڵام لە ڕەهەندی (ململانێ ســیاســی)دا هۆکاری ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ خێزاندارەکان کە ناوەندی ژمێرەییان (3.93) بڕی (0.41) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی سەڵتەکان (3.52).

٢. لە (ڕەوایەتی ســیســتەمی ســیاســی و ڕەوایەتی ســیســتەمی سـیاسـی) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی سەڵت و خێزانداردا نیە، ئەمەش ئەمەش بە سـەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو بچووکترە لە بەهای (t) خشتەی و هەروەها (P-Value>0.05).

خشتەی (5): ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی باری کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەهەندەکانی سەقامگیری سیاسی نیشان دەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پیوەریی | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| کارکردنی دامەزراوەکان | سەڵت | 208 | 2.39 | 0.42 | 1.368 | 0.001 | 3.269 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | خێزاندار | 192 | 1.98 | | 1.163 | | | | |
| ڕەوایەتی سیستەمی سیاسی | سەڵت | 208 | 2.29 | 0.23 | 1.290 | 0.066 | 1.844 | 1.966 | بەڵگەدار نییە |
| | خێزاندار | 192 | 2.06 | | 1.189 | | | | |
| حوکمڕانی کارا | سەڵت | 208 | 2.30 | 0.33 | 1.234 | 0.005 | 2.816 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | خێزاندار | 192 | 1.97 | | 1.074 | | | | |
| سەروەری یاسا | سەڵت | 208 | 2.38 | | 1.342 | 0.004 | 2.917 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | خێزاندار | 192 | 2.01 | | 1.140 | | | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـازادی مەدەنی و بەشـــــداری سیاسی | سەڵت | 208 | 2.19 | 0.20 | 1.181 | 0.079 | 1.760 | 1.966 | بەڵــگەدار نییە |
| | خێزاندار | 192 | 1.99 | | 1.102 | | | | |
| ململانێ سیاسی | سەڵت | 208 | 3.52 | 0.41 | 1.336 | 0.001 | 3.319 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | خێزاندار | 192 | 3.93 | | 1.150 | | | | |

n= 400 df= 398

ئەم ئەنجامانە دەبێتە هۆی نیگەرانی بەرچاو سەبارەت بە کارکردنی دامەزراوەکان، کاریگەریی حوکمڕانی و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی وەک ئازادییە مەدەنییەکان و بەشـداری سـیاسـی. دەگەین بەو دەرئەنجامە کە پێویسـتە جەخت لەسـەر گرنگی باشـترکردنی شـەفافیەتی دامەزراوەیی و بەهێزکردنی سـەروەری یاسـا و پەرەپێدانی متمانە لە نێوان گەنجان و سـیسـتەمی سـیاسـیدا بکرێتەوە. چارەسـەرکردنی ئەم گرفتانە زۆر گرنگە بۆ دروسـتکردنی ژینگەیەکی سیاسی سەقامگیرتر و گشتگیرتر.

**سێیەم: پێوانەکردنی ئاستی چۆنایەتی ژیان**

وەکو لە خشـتـەی (6) دەردەکەوێت؛ ناوەندی ژمێرەیی ڕەهەندەکانی کوالیتی ژیان لە سـەرەوەی ناوەند (٣) یە. بە چەشـنێک کە ڕەهەندی ژینگەیی (3.26)ە کە نزمترین ڕەهەندی پێوەرەکەیە و ڕەهەندی باوڕ بەرزترینە کە ناوەندی ژمێرەییەکەی بریتییە لە (3.74). هەروەها ریزبەندی ناوەندی ژمێرەیی ڕەهەندەکانی دیکە بەم شـێوەیە؛ دەروونی (3.71)، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (3.65)، پشتبەخۆ بەستن (3.60)، جەستەیی (3.51) و گشتی (3.39).

خشتەی (6) داتای وەسفی پێوەری کوالیتی ژیان نیشان دەدات.

| گۆڕاو | نـزمـتـریـن دەرەجە | بەرزترین دەرەجە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| ژینگە | 1.00 | 5.00 | 3.26 | 0.696 |
| گشتی | 1.00 | 5.00 | 3.39 | 0.847 |
| پشتبەخۆبەستن | 1.00 | 5.00 | 3.60 | 0.777 |
| جەستەیی | 1.00 | 5.00 | 3.51 | 0.751 |
| دەروونی | 1.00 | 5.00 | 3.71 | 0.743 |
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | 1.00 | 5.00 | 3.65 | 0.737 |
| باوەڕ | 1.00 | 5.00 | 3.74 | 0.748 |

بۆ تێگەیشـتنی زیاتر لە نموونەی توێژینەوەکە ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسـەر کوالیتی ژیان تاوتوێ کرا، کە ئەنجامەکانی بەم شـێوەیە بوو، کە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، پیشـە و باری کۆمەڵایەتی) لە هیچ یەک لە ڕەهەندەکانی کوالیتی ژیان، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی (نێر و مێ)، باری کۆمەڵایەتی (سـەڵت و خێزاندرا) و پیشە جۆراوجۆرەکاندا نیە.

لە میانی ئەوەی خرایە ڕوو بۆمان دەردەکەوێت، بەگشتی ئاستی کوالیتی ژیان بە هەموو ڕەهەندەکانی لای بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە مامناوەندە. بەڵام ئەگەر بمانەوێت لە سـەر ئاسـتی ڕەهەندەکان باس بکەین، وەک خرایە ڕوو ڕەهەندی ژینگەیی کە نزمترین ئاستی هەیە، ئاماژەیە بەوەی کە هۆکارە ژینگەییەکان- وەک دەستڕاگەیشتن بە کەش پاک، ژینگەیەکی سـەوز و لایەنە ئیکۆلۆژییەکانی تر- وەک بوارێکی گرنگ بۆ گەنجان هەسـت پێ دەکرێت. ئەمە دەتوانێت ڕەنگدانەوەی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە ژێرخانی شارەکان، پیسبوون، یان بەردەستبوونی سنووردار لە سەرچاوەکان بۆ ژیانی بەردەوام. چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە دەبێت لە پێشینەی کارەکانی داڕێژەرانی سیاسەت و

لایەنە پەیوەندیدارەکان بێت کە ئامانجیان باشترکردنی کوالیتی ژیانی گشتییە.

لە لایەکی ترەوە ڕەهەندی بیروباوەڕ کە بەرزترین نمرەی مامناوەندی 3.74 یە، ئەوە پیشان دەدات کە بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە (گەنجانی شاری هەولێر) گرنگی بە بەهاکان و باوەڕی کەسی دەدەن. بەهەمان شێوە، ڕەهەندی دەروونی (3.71) و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (3.65) پلەی بەرزیان هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ تێڕوانینێکی تارادەیەک ئەرێنی بۆ باشبوونی دەروونی و پەیوەندییە نێوان کەسییەکان. ئەم خاڵە بەهێزانە دەتوانرێت لە دەستپێشخەرییەکانی پێشخستنی خۆراگری و تەندروستی دەروونی لەنێو گەنجاندا بەکاربهێنرێت.

نمرەی مامناوەند بۆ پشتبەستن بە خۆ (3.60)، باشی جەستەیی (3.51)، و کوالیتی ژیانی گشتی (3.39) ئاماژەن بۆ ئەوەی قەیرانی ئابووری کاریگەری ئەتۆی لە سەریان نەبووە، بەتایبەتی لە بەرزکردنەوەی تەندروستی جەستەیی و ڕەزامەندی گشتی لە بارودۆخی ژیان.


هەر وەک ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (جوان اسماعیل بکر، ٢٠١١) هیچ جیاوازییەک دەرنەکەوتووە لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز. واتە لە هەر دوو توێژینەوەکە ئاستی گۆڕاوەکە بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە وەک یەک بووە.

## ئامانجی دووەم: دیاری کردنی کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر سەقامگیری سیاسی

بەمەبەستی زانینی کاریگەریی قەیرانی ئابووری لەسەر سەقامگیری سیاسی سوودمان مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) وەرگرت، کە بە پرۆگرامی ( AMOS – Analysis Moment Structures) جێبەجێ کراوە. مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner) کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێت، تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیونییەکان جێبەجێ ( Ahmad and Saadi, 2024: 260). و کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاوستەوخۆکان دەست نیشان بکات ( Saeed and et. Al, 2023: 5). بۆ ئەم مەبەستە مۆدیلی توێژینەوەکەمان لە نێو پرۆگرامی ئامۆس جێبەجێ کرد (بڕوانە وێنەی خوارەوە)و داتاکانمان لەسەری بار (Load) کردو ئەنجامەکانمان تاوتوێ کرد، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

### یەکەم: کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر سەقامگیری سیاسی:

قەیران ئابووری کاریگەرییەکی بەهێزی بڕی (1.075-) لادانی پێوەری لەسەر سەقامگیری سیاسی هەیە، ئەمەش ئەم کاریگەرییەش بەڵگەدارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). جۆری ئەم کاریگەرییە پێچەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری بڕی (1.075) لادانی پێوەری کەمبوونەوە لە سەقامگیری سیاسی ڕوودەدات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری، بڕی (1.075) لادانی پێوەری بەرزبوونەوە لە سەقامگیری سیاسی ڕوودەدات.




مۆدیلی (1): کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر سەقامگیری سیاسی نیشان دەدات

### دووەم: کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر هەر یەک لە ڕەهەندەکانی سەقامگیری سیاسی

وەکو لە خشـــتەی خوارەوە دەردەکەوێت، قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لەســـەر هەموو ڕەهەندەکانی سەقامگیری سیاسی هەیە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. حوکمڕانی کارا: قەیرانی ئابووری بڕی (1.610-) لادای پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەســـەر حوکمڕانی کـارا هەیە. جۆری کـاریگەرییەکە پێچەوانەیە، واتە بە زیـادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئـابووری، بڕی (1.610) لادای پێوەری کەمبوونەوە لە حوکمڕانی کارا ڕوودەدات و بە پێچەوانەوە، بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری بڕی (1.610) لادای پێوەری زیادبوون لە حوکمڕانی ڕوودەدات.

٢. ســەروەری یاســا: وەکو لە خشــتەی (7) دەردەکەوێت: قەیرانی ئابووری بڕی (1.568-) لادای پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەســەر ســەروەری یاسا هەیە. جۆری کاریگەرییەکە پێچەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئـابووری، بڕی (1.610) لادای پێوەری کەمبوونەوە لە ســـەروەری یاســـا ڕوودەدات و بە پێچەوانەوە، بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری بڕی (1.568) لادای پێوەری زیـادبوون لە سەروەری ڕوودەدات.

٣. ئازادییە مەدەنییەکان و بەشـداری سـیاسـی: قەیرانی ئابووری بڕی (1.429-) لادای پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسـەر ئازادییە مەدەنییەکان و بەشداری سیاسـی هەیە. جۆری کاریگەرییەکە پێچەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئـابووری، بڕی (1.429) لادای پێوەری کەمبوونەوە ئـازادییە مەدەنییەکـان و بەشداری سیاسی ڕوودەدات و بە پێچەوانەوەکەشی ڕاستە.

٤. ڕەوایەتی: قەیرانی ئـابووری بڕی (1.437-) لادای پێوەری کـاریگەری بەڵگەداری ئـامـاری لە جۆری پێچەوانە لەســـەر ڕەوایەتی هەیە. واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری، بڕی (1.437) لادای پێوەری کەمبوونەوە لە ڕەوایەتی ڕوودەدات و بە پێچەوانەوەکەشی ڕاستە.

٥. کارامەیی دامەزراوەکان: وەکو لە خشـــتەی (7) دەبینرێت، قەیرانی ئابووری بە بڕی (1.652-) لادانی پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لە جۆری پێچەوانەی لەســـەر کارامەیی دامەزراوەکان هەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئـابووری بڕی (1.652) لادانی پێوەری دابەزین لە کـارامەیی دامەزراوەکان ڕوودەدات بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٦. ململانێ سیاسی: قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لە جۆری ڕاستەوانە بە بڕی (1.533) لادانی پێوەری لەســـەر ململانێ ســـیاســـی هەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی دارایی بڕی (1.533) لادانی پێوەری ململانێی ســـیاســـی زیاد دەکات و بە پێچوانەوە بە کەمبوونەوە هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری، بڕی (1.533) لادانی پێوەری کەمبوونەوە لە ململانێی سیاسی ڕوودەدات.

خشتەی (7): کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر سەقامگیری سیاسی نیشان دەدات

| جۆری کاریگەری | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| قەیرانی ئابووری ---> حوکمڕانی کارا | -1.610 | 0.000 |
| قەیرانی ئابووری ---> سەروەری یاسا | -1.568 | 0.000 |
| قەیرانی ئابووری ---> ئازادییە مەدەنییەکان و . | -1.429 | 0.000 |
| قەیرانی ئابووری ---> ڕەوایەتی | -1.437 | 0.000 |
| قەیرانی ئابووری ---> کارامەیی دامەزراوەکان | -1.652 | 0.000 |
| قەیرانی ئابووری ---> ململانێ سیاسی | 1.533 | 0.000 |


لە میانی ئەو ئەنجامانەی کە خرایەڕوو بۆمان دەردەکەوێت، کە قەیرانی ئابووری کاریگەری پێچەوانەی لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی سەقامگیری سیاسی هەیە. واتە بە هەر زیادبوونێکی ئاستی قەیرانی ئابووری ئەوا کەمبوونەوە لە ئاستی ڕەهەندەکانی دیکەی سەقامگیری سیاسی ڕوودەدات، جگە لە ڕەهەندی ململانێ سیاسی کە بە زیادبوونی قەیرانی ئابووری، ئەوا ململانێ سیاسییەکانیش زیاتر دەکەن. ئەم ئەنجامەش جەخت لەسەر پەیوەندی قووڵی نێوان ناسەقامگیری ئابووری و ململانێ سیاسی دەکاتەوە. ئەم ئەنجامە ئەوە ئاشکرا دەکات کە لەگەڵ زیادبوونی ئاستەنگە ئابوورییەکان، ئەوا ململانێ سیاسییەکان گەورەتر دەبن، ئەمەش دەتوانین بڵێین بەهۆی بەرزبوونەوەی ناڕەزایی و بێزاری نێوان تاکەکان و کۆمەڵگاکانەوە ڕوودەدات.

پەیوەندی ڕاستەوخۆی قەیرانە ئابوورییەکان و ململانێی سیاسی دەکرێت، چەند هۆکاری هەبێت یەکەم: زۆرجار دۆخی خراپی ئابووری دەبێتە هۆی بێکاری و کەمبوونەوەی داهات و دابەزینی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ئەمەش دەتوانێت ناڕەزایەتییەکان بەرز بکاتەوە و متمانە بە دامەزراوە سیاسییەکان کەم بکاتەوە و ڕەنگە ببێتە هۆی ناڕەزایەتی، مانگرتن، یان جۆرەکانی تری ناڕەزایەتی بە کۆمەڵ، کە بەشداربن لە پەرەسەندنی ململانێی سیاسی. دووەم: لە کاتی قەیرانە ئابوورییەکاندا، کێبڕکێ لەسەر سەرچاوە سنووردارەکان لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا دەتوانێت چڕتر بێتەوە، ئەمەش زیاتر کاریگەری دەبێت لە سەر ململانێی سیاسییەکان، هەروەها هاوشێوەی توێژینەوەکەی (کارزان حسن عبدوالرحمن،2019). قەیرانی ئابووری کاریگەری بەرچاوی لە سەر کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا هەیە یەک لەوانیش کایە سیاسییەکان و بۆتە هۆی قووڵبوونەوەی قەیرانە سیاسییەکان و لاواز بوونی سەقامگیری سیاسی.

## ئامانجی سێیەم: دەستنیشانکردنی بڕی کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر چۆنایەتی ژیانی

### یەکەم: کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر چۆنایەتی ژیان

قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لە جۆری پێچەوانە بە بڕی (0.068-) لادانی پێوەری لەسەر چۆنایەتی ژیان هەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی دارایی بڕی (0.068) لادانی پێوەری چۆنایەتی ژیان کەم دەبێتەوە و بە پێچەوانەوەش بە کەمبوونەوە هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری، بڕی (0.068)لادانی پێوەری بەرزبوونەوە لە چۆنایەتی ژیان ڕوودەدات.




مۆدیلی (2): کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر چۆنایەتی ژیان نیشان دەدات

لە میانی ئەوەی کە خرایەڕوو بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەرچی کاریگەرییەکە لە ئاستێکی بەرز نییە، بەڵام زیادبوونی قەیرانی ئابووری کاریگەری بەرچاوی لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیان دەردەخات، لەبەر ئەوەی قەیرانی ئابووری کاریگەری دەبێت لە سەر کەمبوونەوەی داهات، بێکاری،کەمبوونەوەی دەست ڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، کە هەموو ئەمانەش کاریگەرییان لە سەر دابەزینی خۆشگوزاری گشتی دەبێت. کەواتە قەیرانی ئابووری کاریگەری نەرێنی لە سەر کوالیتی ژیان دەبێت بەتایبەتی لای گەنجان کە لە قۆناغیکی تەمەنیدان پیویستیان بە هەلی کار و دەستەبەربوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانە بۆ ئەوەی بتوانن بە باشی ژیانی خۆیان بونیات بنین.

### دووەم: کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر هەر یەک لە ڕەهەندەکانی کوالیتی ژیان

وەکو لە خشـــتەی خوارەوە دەردەکەوێت، قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لەســـەر هەموو ڕەهەندەکانی سەقامگیری سیاسی هەیە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لەسـەر ڕەهەندەکانی جەسـتەیی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و باوەڕەکان نییە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05).

٢. ڕەهەندی ژینگەیی: وەکو لە خشتەی (8) دەردەکەوێت: قەیرانی ئابووری بڕی (0.193-) لادای پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر ڕەهەندی ژینگەیی چۆنایەتی ژیان هەیە (P-Value=0.000<0.05). جۆری کاریگەرییەکە پێچەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری، بڕی (0.193) لادای پێوەری کەمبوونەوە لە ڕەهەندی ژینگەیی ڕوودەدات و بەپێچەوانەوە، بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری بڕی (0.193) لادای پێوەری زیادبوون لە ڕەهەندی ژینگەیی چۆنایەتی ژیان ڕوودەدات.

٣. ڕەهەندی گشـتی: قەیرانی ئابووری بڕی (0.191-) لادای پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسـەر ڕەهەندی گشـــتی چۆنایەتی ژیان هەیە (P-Value=0.000<0.05). جۆری کاریگەرییەکە پێچەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری، بڕی (0.191) لادای پێوەری کەمبوونەوە لە ڕەهەندی گشـتی ڕوودەدات و بە پێچەوانەوە، بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری بڕی (0.191) لادانی پێوەری زیادبوون لە ڕەهەندی گشتی چۆنایەتی ژیان ڕوودەدات.

٤. ڕەهەندی پشتبەخۆ بەستن: قەیرانی ئابووری بڕی (0.170-) لادای پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسـەر ڕەهەندی پشتبەخۆبەستنی چۆنایەتی ژیان هەیە (P-Value=0.000<0.05). جۆری کاریگەرییەکە پێچەوانەیە، واتە بە زیـادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئـابووری، بڕی (0.170) لادای پێوەری کەمبوونەوە لە ڕەهەندی پشتبەخۆبەستن ڕوودەدات و بە پێچەوانەوانەکەشی ڕاستە.

٥. ڕەهەندی دەروونی: خشـشـتەی (8) نیشـان دەدات کە قەیرانی ئابووری بڕی (0.122-) لادای پێوەری کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر ڕەهەندی دەروونی چۆنایەتی ژیان هەیە (P-Value=0.004<0.05). جۆری کاریگەرییەکە پێچەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە قەیرانی ئابووری، بڕی (0.122-) لادای پێوەری کەمبوونەوە لە ڕەهەندی دەروونی ڕوودەدات و بە پێچەوانەوانەکەشی ڕاستە.

خشتەی (8): کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر ڕەهەندەکانی چۆنایەتی ژیان نیشان دەدات

| جۆری کاریگەری | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| قەیرانی ئابووری ---> ژینگەیی | -0.193 | 0.000 |
| قەیرانی ئابووری ---> گشتی | -0.191 | 0.000 |
| قەیرانی ئابووری ---> پشت بەخۆبەستن | -0.170 | 0.000 |
| قەیرانی ئابووری ---> جەستەیی | -0.081 | 0.089 |
| قەیرانی ئابووری ---> دەروونی | -0.122 | 0.004 |
| قەیرانی ئابووری ---> پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | -0.026 | 0.552 |
| قەیرانی ئابووری ---> باوەڕەکان | -0.036 | 0.416 |

بە پێی ئەنجامەکانی خشتەی (8) بۆمان دەردەکەوێت کە قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕەهەندە فیزیکی، کۆمەڵایەتی، یان باوەڕییەکانی کوالیتی ژیان نییە. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات، کە ئەم ڕەهەندانە سەرەڕای ئاستەنگە ئابوورییەکان تاڕادەیەک جێگیر دەمێننەوە، کە دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کولتووری، کۆمەڵایەتی، یان کەسی، کە کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری کەم دەکەنەوە. بەڵام شایەنی باسە کە ئایا ئەم ڕەهەندانە لە بنەڕەتدا کەمتر هەستیارن بەرانبەر بە فشارە ئابوورییەکان یان ئەگەر هۆکارەکانی دیکە، وەک پشتیوانی خێزان و کۆمەڵگا، ڕۆڵیان لە کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییانە هەیە.
لە لایەکی دیکەوە قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر چەند ڕەهەندێکی دیکەی کوالیتی ژیان هەیە، بەتایبەتی ڕەهەندە ژینگەیی، گشتی، پشت بەخۆبەستن و ڕەهەندە دەروونییەکان. ئەو پەیوەندییە نەرێنییانەی کە خرایەڕوو ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەگەڵ زیادبوونی قەیرانی ئابووری، دابەزینێکی هاوتا لەم ڕەهەندانەدا هەیە. ڕەهەندی ژینگەیی (-0.193) و کوالیتی ژیانی گشتی (-0.191) بە تایبەتی کاریگەرییەکە زیاترە، کە ڕەنگدانەوەی کاریگەری بەرجەستە و بەربڵاوی سنووردارکردنی ئابوورییە لەسەر بارودۆخی ژیان و خۆشگوزەرانی گشتی. سەرەڕای ئەوەش، کاریگەرییە بەرچاوەکە لەسەر ڕەهەندی پشت بەستن بە خۆ تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن ناسەقامگیری دارایی دەتوانێت سەربەخۆیی تاکەکان و توانای بەڕێوەبردنی ژیانیان تێکبدات. لە کۆتاییدا، ڕەهەندی دەروونی زیاتر کاریگەرە بە قەیرانی ئابووری، ئامەش ئاماژە بە گرنگی چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی تەندروستی دەروونی دەکات لە ماوەی قەیرانەکان.

**دەرئەنجامەکان:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان قەیرانی ئابووری و کاریگەرییەکانی لەسەر کوالیتی ژیان و سەقامگیری سیاسی لای گەنجانی شاری هەولێر بوو. بە پشتبەستن بە ئەنجامەکان، دەرئەنجامەکان بریتیین لەمانە:

**قەیرانی ئابووری و کوالیتی ژیان:**

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی کوالیتی ژیان هەیە، بەتایبەتی لە ڕەهەندە ژینگەییەکان و ڕەهەندە گشتییەکان و زیادبوونی فشاری دەروونی. دەتوانین بڵێین دابەزینی ئاستی ئابووری دەبێتە هۆی دابەزینی کوالیتی ژینگە و ژێرخانی ژینگە، دابەزینی خۆشگوزەرانی گشتی، کەمبوونەوەی پشتبەستن بەخۆ و زیادبوونی فشاری دەروونی. ئەم ئەنجامانە گرنگی چارەسەرکردنی کاریگەرییە فرەلایەنەکانی قەیرانی ئابووری لە ڕێگەی پلان و سیاسەتی بەڕێوەبردنی قەیران دەردەخەن کە تەندروستی دەروونی، بەردەوامیی ژینگەیی و خۆڕاگری تاک بەرەوپێش دەبەن.
هەروەها لە ئەنجامەکان دەرکەوت کە قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی ئاماری بەرچاوی لەسەر ڕەهەندە جەستەییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و باوەڕییەکانی کوالیتی ژیان نەبووە. ئەمەش ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە ئەم لایەنانەی ژیان یان کەمتر بەرەوڕووی قەیرانە ئابوورییەکان دەبنەوە و زیاتر پەیوەندی بە لایەنی مەعنەوی تاکەکان هەیە نەک لایەنی ماددی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە قەیرانی ئابووری هەیە.

**قەیرانی ئابووری و سەقامگیری سیاسی :**

قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سەقامگیری سیاسی هەیە، بەتایبەتی لە ڕەهەندەکانی وەک کارکردن و دەرفەتی کار. گەنجان هەست بە نەبوونی سەقامگیری سیاسی دەکەن، ململانێی سیاسی وەک پرسێکی دیار دەردەکەوێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئاستەنگە ئابوورییەکان، گرژییە سیاسییەکان زیاتر دەکەن و متمانە بە دامەزراوە سیاسییەکان کەم دەکەنەوە، بۆیە بۆ باشترکردنی سەقامگیری سیاسی؛ بەهێزکردنی حوکمڕانی و هەبوونی شەفافیەت و پێشخستنی بەشداری سیاسی، بەتایبەتی لە کاتی قەیرانی ئابووریدا، زۆر گرنگە.

**گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان:**

لە میانی خستنەڕووی ئەنجامەکان دەتوانین بڵێین، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاوی لە کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لە پەیوەندی بە کوالیتی ژیان و سەقامگیری سیاسی لە سەر دیمۆگرافییەکانی وەک ڕەگەز، پیشە و باری کۆمەڵایەتی نەبووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قەیرانی ئابووری بە شێوەیەکی تاڕادەیەک یەکسان لە سەرانسەری ئەم فاکتەرە دیمۆگرافییانەدا کاریگەری بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ

ئەوەی قەیرانی ئابووری کاریگەری وەک یەکی هەیە لە سەر گەنجان بە ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی و پیشەی جیاواز هەبووە.

بەگشتی قەیرانی ئابووری کاریگەری دوور مەودای هەیە، هەم لەسەر کوالیتی ژیان و هەم لەسەر سەقامگیری سیاسی لای گەنجانی شاری هەولێر. جگە لەوەش قەیرانی ئابووری گرژییە سیاسییەکان زیاتر دەکات و متمانە بە سیستەمی سیاسی کەم دەکاتەوە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاڵنگارییانە، جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە زۆر گرنگە کە پاڵپشتی تەندروستی دەروونی بکەن و گرفتە ئابوورییەکان چارەسەر بکرێن بە ڕێگای حوکمڕانی باشتر. هەموو ئەمانەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی سەقامگیری سیاسی و ژینگەیەکی سەقامگیرتر و ئاوەدانتر بۆ گەنجان.

## پێشنیارەکان:

بە پشتبەستن بە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەم پێشنیارانە خوارەوە دەخرێتەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر کوالیتی ژیان و سەقامگیری سیاسی لای گەنجانی شاری هەولێر:

1. بەرزکردنەوەی پشتگیری تەندروستی دەروونی: ڕێکخستن و بەهێزکردنی بەرنامەکانی تەندروستی دەروونی بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەروونی و خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری بۆ ئەو گەنجانەی کە بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە زیانیان بەرکەوتووە، هەروەها پێویستە هەڵمەتی هۆشیاری ئەنجام بدرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەو قەیرانە و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی، بەتایبەتی لە لایەن میدیا و ناوەندە ئاکادیمییەکان وەک زانکۆکان، بەتایبەتی بۆ ئەو گەنجانەی لە زانکۆکانن لە پاڵ خوێندنەکەیان بتوانن پلانیان بۆ ژیانی داهاتوویان هەبێت بەتایبەتی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دۆخی ئێستا.
2. چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان: پەرەپێدانی ئەو بەرنامانەی کە گەنجان بە لێهاتوویی ئامادە بکەن بۆ گونجاندن لەگەڵ ئاستەنگە ئابوورییەکان، وەک ڕاهێنانی پیشەیی، کردنەوەی خولی فێرکاری بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی کار. ئەم ڕێوشوێنانە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە پەرەپێدانی پشتبەستن بە خۆ و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ناسەقامگیری ئابووری.
3. وەبەرهێنان لە بواری پەرەپێدانی ژینگە: چارەسەرکردنی دابەزینی کوالیتی ژینگە بە وەبەرهێنان لە پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، پلاندانانی شارەکان، و بەرنامەکانی پاراستنی ژینگە. دەستپێشخەرییەکان بۆ دروستکردنی شوێنی سەوزایی، باشترکردنی بەڕێوەبردنی پاشماوە، و دڵنیابوون لە دەست ڕاگەیشتن بە سەرچاوە پاکەکان پێویستە لە پێشینەدا بن.
4. بەهێزکردنی حوکمڕانی و سەقامگیری سیاسی: پەرەپێدانی شەفافیەت و لێپرسینەوە و حوکمڕانی باش بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی متمانە بە دامەزراوە سیاسییەکان. هاندانی بەشداریکردنی گەنجان لە پرۆسەی سیاسیدا لەڕێگەی دروستکردنی سەکۆ بۆ گفتوگۆ و بەشداریکردن، دڵنیابوون لەوەی دەنگیان دەبیسترێت لە بڕیاردان.

## سەرچاوەکان:


– إبراهيم، عبدالرحيم محمد (2007). المتغيرات العالمية للمنظمات. الإسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة.

– عبدالرحمن، کارزان حسن (2019)، کاریگەریی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە لای فەرمانبەرانی شاری هەولێر، نامەی دکتۆرایە پێشکەشکراوە بە کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

– بكر، جوان اسماعيل (2013)، جودة الحياة و علاقتها بالانتماء و القبول الاجتماعيين،عمان, در الحامد للنشر و التوزيع.

– الدستور العراقي (2005). دستور جمهورية العراق. منشور في الوقائع العراقية، العدد 4012، 28 كانون الأول 2005. بغداد: حكومة العراق. المواد 4 و 117 و 114.

- Alesina, A., Özler, S., Roubini, N., & Swagel, P. (1996). Political instability and economic growth. Journal of Economic Growth, 1(2), 189-211

- Davies, J.C. (1962). *Toward a Theory of Revolution*. In *American Sociological Review*, 27(1), 5-19.

- Jong-A-Pin, R., 2009. On the measurement of political instability and its impact on economic growth. European Journal of Political Economy, 25(1), pp.15–29. P. 26

- Krugman, P., 2012. End this depression now!. New York: W.W. Norton & Company., p.1.

- Maslow, A.H., 1987. *Motivation and Personality*. 3rd ed. Delhi: Pearson Education.

- Morlino, L. and Raniolo, F. (2017). The Impact of the Economic Crisis on South European Democracies. Palgrave Macmillan, pp. 7-12.

- Orbell, J.M. and Shay, R.C. (2011). Toward a theory of revolution. Politics and the Life Sciences, 30(1), pp. 85-90. https://doi.org/10.2990/30_1_85
- Ventegodt, S., Merrick, J., & Andersen, N. J. (2003). Quality of Life Theory III. Maslow Revisited. The Scientific World Journal, 3, 1050–1057. https://doi.org/10.1100/tsw.2003.8,
- Ahmad, A. S. . and Saadi, A. S. . (2024) "Family Environment Related to Social Tolerance Among Students of Koya University", *Koya University Journal of Humanities and Social Sciences*, 6(2), pp. 252-264. doi: 10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264.
- Ahmed , A. S. ., & Barzinchi , A. A. S. . (2024). The Relationship of Education to Coexistence. *Zanco Journal of Human Sciences*, *28*(SpB), 302–319. https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.15
- Alesina, A., Özler, S., Roubini, N., & Swagel, P. (1996). Political instability and economic growth. Journal of Economic Growth, 1(2), 189-211
- Anwar, Basida Haidar, & Zebari Tahir Hasoo. (2023). Social Capital Relation with Job Satisfaction Among University Teachers- A Field Research About State University in Erbil City. QALAAI ZANIST JOURNAL, 8(3), 32–64. https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.8.3.2
- Azeng, T. F. and Yogo, T. U., *Youth Unemployment and Political Instability in Selected Developing Countries*, Working Paper Series No. 171. Tunis: African Development Bank, 2013.
- Bernanke, B. S. (2009). The financial crisis and the policy responses: An empirical analysis of what went wrong. Federal Reserve Bank of St. Louis Review, 91(5), 3-16.
- Cunningham, H., 2009. The Invention of Childhood. London, BBC Books, p. 320.
- Fearon, J. D. (2006). Iraq's civil war. Foreign Affairs, 85(2), 2-14.
- Government of Canada, 2001. Quality of Life - A Concept Paper: Defining, Measuring and Reporting Quality of Life for Canadians. [online] Available at: https://www.canada.ca [Accessed 3 May 2022].
- Land, K.C., Michalos, A.C. & Sirgy, M.J. (eds.), 2012. Handbook of Social Indicators and Quality of Life Research. Dordrecht: Springer.
- Lipset, S. M. (1959). Some Social Requisites of Democracy: Economic Development and Political Legitimacy. The American Political Science Review, 53(1), 69-105
- Mahmood, D. O. . and Anwar, B. H. . (2024) "The Relationship Between Frustration and Forms of Violence Among Young People: From the Perspective Frustration Theories "Albert Cohen" And "John Dollard"", *Koya University Journal of Humanities and Social Sciences*, 7(2), pp. 58-72. https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72
- Ministry of Natural Resources (2015). KRG Statement on First Oil Sales through Pipeline Export. Available at: http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/373-krg-statement-on-first-oil-sales-through-pipeline-export.html [Accessed 20 May 2022].
- Qadir, B. M., Abdullah, S. Z., & Majeed, H. L. (2023). Diversification and Economic Growth in Emerging Economies: The Kurdistan of Iraq Experience. Eurasian Journal of Management & Social Sciences, 4(2), 33-60. https://doi.org/10.23918/ejmss.v4i2p33
- Saeed, K.M., Ahmed, A.S., Rahman, Z.M. *et al.* How social support predicts academic achievement among secondary students with special needs: the mediating role of self-esteem. *Middle East Curr Psychiatry* **30**, 46 (2023). https://doi.org/10.1186/s43045-023-00316-2
- Shukor, A.R., Klazinga, N.S. and Kringos, D.S., 2017. Primary care in an unstable security, humanitarian, economic and political context: the Kurdistan Region of Iraq. BMC health services research, 17.
- The National Archives, Child Labour. Accessed on May 1st 2022, http://www.nationalarchives.gov.uk/pathways/citizenship/struggle_democracy/childlabour.htm
- Zelizer, V.A., 1994. Pricing the Priceless Child: The Changing Social Value of Children. Princeton, NJ: Princeton University Press. P. 269.

**تأثير الاستقرار السياسي على الأزمة الاقتصادية: من خلال جودة الحياة كمتغير وسيط بين الشباب في مدينة اربيل**

**حسين حسن عثمان**
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل،
إقليم كوردستان، العراق
hussein.hanary@su.edu.krd

**عبدالحميد على سعيد برزنجى**
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين- أربيل،
إقليم كوردستان، العراق
abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd

**الملخص**

الهدف من هذا البحث هو فهم العلاقة بين الأزمة الاقتصادية والاستقرار السياسي بين شباب مدينة أربيل. كما يسعى لفهم مدى تأثير جودة الحياة، كمتغير وسيط، على متغيرات البحث بين المشاركين الذين هم شباب مدينة أربيل. تم استخدام المنهج الكمي والنهج الوصفي من خلال استبيان المسح الاجتماعي في البحث. مجتمع البحث هو شباب أربيل الذين تتراوح أعمارهم بين 18 و34 عاما. استخدم الباحثون عينة عشوائية طبقية مكونة من 400 شاب وشابة من مدينة أربيل أخذا في الاعتبار خصائصهم الديموغرافية مثل (الجنس، الحالة الاجتماعية، والمهنة).

لقياس متغيرات البحث وجمع البيانات، قام الباحثون بإعداد نموذج استبيان يتضمن ثلاث مقاييس (الأزمة الاقتصادية، الاستقرار السياسي، وجودة الحياة). بعد جمع البيانات من مجتمع البحث، تم تحليل البيانات باستخدام برامج (SPSS & AMOS ). النتائجِ الرئيسية للبحث كانت؛ ان مستوى الأزمة الاقتصادية بين مشاركي عينة البحث عال. وبشكل عام، يشعر المشاركون في العينة، بـمستوى منخفض جدا من الاستقرار السياسي. ومع ذلك، في سياق الصراعات السياسية، يكون المستوى أعلى، مما يشير إلى أن المشاركين يشعرون بمستوى عال من الصراع السياسي نسبيا. تعمل جودة الحياة كوسيط جزئي بين الأزمة الاقتصادية والاستقرار السياسي. مع زيادة مستوى جودة الحـ ياة، يزداد الاستقرار السياسي، ومع انخفاض مستوى جودة الحياة، ينخفض الاستقرار السياسي.

**الكلمات المفتاحية:** الأزمة، الأزمة الاقتصادية، الاستقرار السياسي، جودة الحياة، الشباب

**Impact of Political Stability on Economic Crisis; Mediated by Quality of Life among Youth in Erbil**

**Hussein Hassan Othman**
Department of Sociology, College of Arts,
Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region,
Iraq
hussein.hanary@su.edu.krd

**Abdulhameed Ali Saed Barzinchi**
Department of Sociology, College of Arts,
Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region,
Iraq
abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd

**Abstract**

The objective of this research is to explore the relationship between Economic Crisis and Political Stability among youth in Erbil City. It also explores how much impact quality of life, as a mediating variable, has on the variables of the research among the participants who are youth in Erbil City. The research is conducted using a quantitative method and descriptive approach through a social survey questionnaire. The research society is Erbil youth who are between 18 to 34 years old. The researchers used a stratified random sample of 400 youth from Erbil city while considering their demographic characteristics such as (gender, social status, and occupation).

To measure the variables of the research and collect data, the researchers prepared a questionnaire consisting of three scales (economic crisis, political stability, and quality of life). After collecting the data from the research society, the data were analyzed using (SPSS & AMOS) programs. The main findings were; The level of the economic crisis among the participants of the research sample is high. Generally, the participants in the sample feel a very low level of political stability. However, in the context of political conflicts, the level is higher, indicating that participants feel a relatively high level of political conflict. The quality-of-life acts as a partial mediation between economic crisis and political stability. With the increase in the level of quality of life, political stability increases, and with the decrease in the level of quality of life, political stability decreases.

**Keywords**: Crisis, Economic Crisis, Political Stability, Quality of Life, Youth